گوڤارا زانکویا دهوك، پەربەندا:22، ژمارە:1، (زانستێن مروڤایەتی وکومەلناسی)، بپ 140-182، 2019
(ژمارەکا تایبەت)، سەنتەرێ ڤەکولینێن جینوسایدی، زانکویا دهوك

# جینۆسایدی کوردو ئەمازیغ لەسەدەی بیستەمدا

## "لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی بەراوردکاریی"

سەلام عەبدولکەریم عەبدولڵا وماجید خەلیل فەتاح
راگری کۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان–عێراق
سەرۆکی بەشی مێژوو/کۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان–عێراق

*(مێژوویا رەزامەندیا بەلاڤکرنێ: 30 کانوینائێکێ، 2019)*

*کلیلی توێژینەوە:(کورد، ئەمازیغ، عەرەب، جینۆساید، سەدەی بیست).*

## پێشەکی

جینۆسایدی کوردو ئەمازیغ لەسەدەی بیستەمدا قڕکردنو سڕینەوەی ناسنامەی ئیتنیو نەتەوەیی بوو، جینۆسایدی دوو نەتەوەی خودان خاكو رەسەنی خۆیان بوون، جینۆسایدی دوونەتەوەی نێو پرۆسەی خەباتی رزگاریخوازی خۆیان بوون، بەلام پرسەکەیان لەو سەدەیەدا نەبووە پرسێکی نێونەتەوەییو بەهەند وەرنەگیران، بەڵکو لەلایەن رژێمە باڵادەستەکانی ئەو وڵاتانەی کە بەسەریاندا دابەشکراونو داگیریان کردوون هەموو جۆرەکانی جینۆسایدو پاکتاوی رەگەزیو نەژادیو کولتوریو ئابووریو فەرهەنگیان دەرهەق کرا. بایەخی ئەم توێژینەوەیە وەك لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری خستنەڕوی خەباتی رزگاریخوازی هەردوو نەتەوەو شیکردنەوەی فۆرمەکانی جینۆسایدو دۆزینەوەی خاڵی هاوبەشو میکانیزمی میتۆدی خەباتی ئازادیخوازانەی هەردوولایە، هاوکات دروستکردنی رایەڵەیەکی پێویستە بەپێودانگی زانستی بۆ ئەزموون وەرگرتنو ئاشنابوون بەشێوازەکانی خەباتی سیاسیو مەدەنیو چەکداری هەردوولا. ئامانج لەم توێژینەوەیەدا بەزانستیکردنی لێکۆڵینەوەو شرۆڤی پشت هۆکارەکانی جینۆسایدی نەتەوەی کوردو ئەمازیغە لەمێژوودا.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژووییو میتۆدی بەراوردکاری بەکارهاتووە، یەکەمیان بۆ خستنەڕووی روداوە مێژووییەکانی تایبەت بەهەردوو نەتەوەی کوردو ئەمازیغو مێژووی جینۆسایدی دەرهەق بەم نەتەوانەو دواتریش باسکردن لەجولانەوەی نەتەوەییو رزگاریخوازی کوردو ئەمازیغو شیکردنەوەو لێکدانەوەیان، دووەمیشیان بەراوردی مێژووی کوردو ئەمازیغو جینۆسایدی پەیڕەوکراو لەدژیانو سیاسەتی حکومەتە عەرەبیەکان بەرامبەر بەو دوو نەتەوەیە.

گرفتی سەرەکی لەم توێژینەوەیەدا نەبوونی سەرچاوەی پێویستو توێژینەوەی زانستی پێویست لەسەر بەربەرو ئەمازیغەکان، بەتایبەتی زۆرترینی توێژینەوەکان بەزمانی عەرەبیو بەرۆحێکی شۆڤێنیانەوە دژ بەو نەتەوە نوسراون، بۆیە ئەستەم بوو بتوانین سەرچاوەی پێویستی بێلایەن لەو بارەوە دەستبخەین. لەرووی سەرچاوەوە دەستمان راگەیشتووە بەهەندێك سەرچاوەی زانستیو دروست، کە بەگشتی رەوشو زانیاری پێویستیان لەسەر ئەمازیغو خەباتی رزگاریخوازیو شێوازەکانی قڕکردنی ئەم دوو نەتەوە تێدا بوو. ناوەرۆكو پێکهاتەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەچوار تەوەری سەرەکی، باسی یەکەم وەك دەروازەیەك ئاشنابوونە بەچەمكو چوارچێوەوو فۆرمی جینۆسایدو ناساندنی. باسی دووەم لەدوو لقدا باس لەخەباتی رزگاریخوازی کوردو پاشان ئەمازیغ کراوە لەسەدەی رابردوودا. باسی سێهەمیش بریتییە لەخستنەرووی شێوەو شیکاری جینۆساید دەرهەق بەئەمازیغو نەتەوەی کورد. لەکۆتا باسیشدا هەوڵمانداوە لەچەندین خاڵدا بەراوردی سیاسەتی جینۆسایدو نەتەوەی کوردو ئەمازیغ بکەین لەسەدەی بیستدا. بەم شێوەیە دەتوانین تا ئەندازەیەکی باش رەهەندی ئەکادیمیو زانستی لەم توێژینەوەیەدا هەڵبهنجێنینو کورتەیەکی پێویست سەبارەت بەم دوو نەتەوە بندەستە بخەینەڕوو.

## (1-4) چەمكو چوارچێوەکانی جینۆساید لەسەدەی بیستەمدا

تاوەکو پێش ساڵی 1944، زاراوەیەك بەناوی جینۆساید بەکارنەدەهێنرا، بەڵام لەرووی رێو شوێنو پراکتیکەوە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا جینۆساید ئەنجامدراوە، جینۆساید بەواتای قڕکردنی گروپێك مرۆڤی دیاریکراو، بەمەبەستی سڕینەوەو لەنێوبردنی تەواوەتییان دێت. ئەم پێڕەوە بەبەرنامە بۆ سڕینەوەی ئەوانی تر لەمێژووی مرۆڤایەتیدا تایبەتمەندی دەوڵەتە فراوانخوازو ئیمپراتۆرییەتەکان بووە. مێژووی ئیمپراتۆریەتە دێرینەکانی رۆژهەڵاتو رۆژئاوا تەژیە بەسیاسەتی قڕکردنو لەناوبردن. سڕینەوەی نەژادەکان مۆرکی سیاسەتی ئیمپریالیزمی کۆن بووە. دۆزینەوەی دنیای نوێ لەوانە ئەمریکاو ئوسترالیا لەدەرهاویشتەیدا کەلتوورو نەژادو مرۆڤی رەسەنی ئەو کیشوەرانەی بڕییەوە. کوشتاری فەرەنسییەکان لەجەزائیر(1830-1962). قڕکردنی ئەرمە، قڕکردنی ئۆکرانییەکان، قڕکردنی کەمبۆدییەکان، رواندییەکان، بۆسنیەکان.جەنگە جیهانییەکانی یەکەمو دووەم بەتەواوی مێژووی هاوچەرخو سەدەی بیستەمی گرێدایەوە بەسیاسەتی قڕکردنی رابردووی مرۆڤەوە.[1]

برەوی چەمکی جینۆساید لەمێژووی نوێدا بەچەند قۆناغێك شوێنی بووەتەوە، هەوڵجار (رافایل لیمکین) ئەم چەمکەی بەکارهێنا، پاش ئەوەی ئەڵمانیاو لەکۆمەڵەی نەتەوەکان کشایەوە لەساڵی1933 ، هاوکات لەکۆنگرەی یاسای نێونەتەوەیی لەمەدرید رافایل پێشنیاری دەستەواژەی جینۆسایدی کرد تاوەکو رێوشوێنی نێونەتەوەیی بۆ پاراستنی کۆمەڵەو نەتەوەکان

بێتە ئاراوە، بەڵام پێشنیازەکەی پشتیوانی نەکرا. 2 بۆیە لەساڵی 1944 رافایل لیمکین (1900–1959)، 3 کەپارێزەرێکی جوولەکەی پوڵەندی بوو هەستا بەبەکارهێنانی زاراوەی جینۆساید (genocide)، ناوبراو وشەی (gino) ی یۆنانی، کە واتای نەژادو ئیتن‌و بنەماڵەو خێڵێکی هاوخوێن دەدات لەگەڵ وشەی (cide) ی لاتینی لێکدا کە بەواتای کوشتن دێت. داتاشینی ئەم وشە لێکدراوە لەهەمبەر سیاسەتی بەرنامە دارێژراوی نازیەکان هات، کە دژ بەنەتەوەی جووی ئەوروپا گیرابوویەبەر. 4 چونکە نازییەکان کوشتاری بەکۆمەڵیان بۆ لەنێوبردنی جووەکانی ئەوروپا گرتە بەر، کە رووداوەکان بەهۆڵەکۆست ناسراون. هەروەها هەوڵی کوشتنی بەکۆمەڵی قەرەجەکانی رۆمایان دەدا لەئەوروپا، جگە لەوەی پاکتاوی جەستەیی چینە باڵادەستەکانیان دەکرد لەپۆڵەنداو لەیەکێتی سۆڤیەتدا. بۆیە بۆ یەکەمجار دادگای سەربازی نێونەتەوەیی لەنۆرمبرج لە(20–11–1945) لەئۆکتۆبەری 1946 لەدادگایی 22 کەس لەبەرپرسانی نازی ئەڵمانی وشەی جینۆسایدیان بەکارهێنا. 5 جینۆساید بریتییە لەسیاسەتی رێکخراوەیی قڕکردنی بەکۆمەڵ ئەم سیاسەتە رێکخراوەییە حکومەتەکان بەبەرنامە پێرەوی دەکەن‌و دەرهەق بەکۆمەڵێکی ئیتنیی‌و مەزهەبی‌و ئایینی‌و سیاسیی ئەنجامدەدرێت. سیاسەتێکی وەها بەفەرمی وەکو تاوانێکی نێونەتەوەیی شوێنی کراوەتەوە. 6 لەدەستپێکی دروستبوونی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، رافائیل رۆڵێکی گەورەی گێراو بینی لەچەسپاندنی دەستەواژەی جینۆساید، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە لەسەر ئاستی دنیاو دیدارو کۆبوونەوەی دەوڵەتان‌و شاندەکانیان، وتووێژی گەرمیان بوو، لەبارەی دۆزینەوەی دەستەواژەیەك بۆ تاوانی کۆمەڵکوژییەکان. ئەوە بوو لە8ی دیسامبەری 1948 بەکۆی گشتی دەنگ دەقی رێککەوتننامەکە لەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان قبوڵ کرا، کە بوە بنەمایەك بۆ قەدەغەکردن‌و لێپرسینەوە لەگەڵ بکەرو ئەنجامدەرانی تاوانی جینۆساید، کە لە(12/1/ 1951) چووە بواری جێبەجێکردنەوە، رافائیلیش بەم رێککەوتن‌و بڕیارە سەرکەوتنێکی گەورەی تۆمار کرد. 7

لەئێستادا جینۆساید لەکارنامەی نێونەتەوەییدا وەکو تاوانێکی نێونەتەوەیی دەرهەق بەڕەگەزی مرۆڤ هەژماردەکرێت، کە ترسناکترین سیاسەتە دژ بەمرۆڤبوون‌و ئازادی‌و مافی مرۆڤەکان. لەدێسەمبەری 1948 دا رێکەوتنێکی نێونەتەوەیی دژ بەتاوانی جینۆساید هاتەئاراوەو لەو رێکەوتنەدا بۆ رێگریکردن لەجینۆساید هەستان بەدیاریکردنی سنورێك بۆ نەهێشتنی ئەم تاوانە، بۆیە لەم خاڵانەی خوارەوەدا ناسنامەی جینۆسایدیان دیاریکرد:

1. پراکتیکی قڕکردنی رەگەزی مرۆڤ.
2. رێکەوتن‌و پلان بۆ قڕکردنی مرۆڤ.
3. هاندانی راستەوخۆو ئاشکرا بۆ زەمینەسازی جینۆساید.
4. دەستپێکردنی قڕکردنی مرۆڤ
5. بەشداری لەپرۆژەی قڕکردنی مرۆڤدا. 8

دیارە كەمینەو نەتەوەكان ڕێوشوێنیان بۆ گیراوەتە بەر بۆ ئەوەی سەربەخۆ بن‌و مافیان هەبێت، بەڵام ئەوەی زەمینەی جینۆسایدی ڕەخساندووە، ئەو حكومەتانەن، كە شوێنیان بۆ ئەو برگانەی مافی مرۆڤ نەهێشتۆتەوەو دەیانەوێ جینۆسایدی شاراوە دەرهەق بەبندەستەكانیان پەیڕەو بكەن. مافی بڕیاردانی چارەنوس وەك بیروباوەڕێكی بنچینەیی لەیاسای نێونەتەوەیی نوێدا چەسپاوە، لێرەوە چەندین شێوازی ڕەواو یاسایی بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافە شوێنی بۆتەوە، ئەم شێوازانە مافی گەلانی بندەستی داگیركەرو داگیركراوەكانن، مافی ئەوانەن كە جیاوازی ڕەگەزی‌و زەوتكردنی تایبەتمەندی نەتەوەییان دەرهەق دەكرێت، لەنێو یاساكاندا شێوازی ئاشتی بەڕەوا بینراوە، بۆ نموونە ڕاپرسی پاشتریش شێوازی خەباتی چەكداریی بژاردەی دووەمی پاش شكستهێنانی چارەسەریی ئاشتی بەڕەوا دەبینرێت. بەڵگەنامەی مافی بڕیاردانی چارەنوس لەكارنامەی زۆرێك لەو ڕێكخراوو كۆمەڵە هەرێمی‌و نێونەتەوەییانەدا شوێنی كراوەتەوە، بۆ نموونە بەڵگەنامەی ئەفەریقا بۆ مافەكانی مرۆڤو گەلان ، بۆنموونە لەمادەی 20 بەڵگەنامەكەدا هاتووە هەمو گەلێكی بندەست مافی ڕەوای خۆیەتی هەر شێوازێك بگرێتەبەر بەرەو سەربەخۆیی‌و ڕزگاریی. هەروەها مافیان هەیە هانا بۆ ولاتانی دەرێ‌و گشت كۆمەك‌و پشتیوانییەك بەرن. ئەم بەڵگەنامەیە لەساڵی 1981 لەنیرۆبی پێتەختی كینیا واژۆ كرا. هاوكات لەمادەی 19 دا هاتووە كە بۆ هیچ نەتەوەیەك هیچ پاساوێك نییە تا هەژموونی بەسەر نەتەوەیەكی تردا بسەپێنێت. هەروەها لەبەڵگەنامەی كۆمەڵەی ولاتانی عەرەبیشدا سەرنج لەمافی بڕیاردانی چارەنوسی نەتەوەكان دراوە، بەڵام لەچاو بەڵگەنامەی نەتەوەیەكگرتووەكان‌و ولاتانی ئەفریقیدا لاوازە، چونكە هەلومەرجی ئەوان لەكاتێكدا بووە، كە بۆخۆیان لەرەوشێكی ناهەمواردا بوون، ئەوان داكۆكیان لەوە كردۆتەوە، كەنابێت دژ بەسیستەمی فەرمانڕەوایی ولاتانی عەرەبی هەڵوێست وەربگیرێت، بەڕوونی مافی بڕیاردان وەختێك لەبڕیاری (5036) دا دراوە، وەختێك كۆبوونەوەی نائاسایی كۆمەڵەكە لە1990 دا گرێدرا پەیوەست بەداگیركردنی كوەیت لەلایەن عێراقەوە، لەوێدا كۆمەڵەكە داگیركردنی عێراقی بەوە دایە دوواوە، كە لەگەڵ مافی بڕیاردانی چارەنوسی نەتەوەكان یەكناگرێتەوە. دواتریش وەختێك لەدەستپێكی نەوەدەكاندا یەمەنەكان یەكیانگرت، ئیدی لە1994 دا خەباتی چەكداریی بۆ جیابوونەوەی باشور لەباكور دەستپێكرد، بەڵام كۆمەڵەی ولاتانی عەرەبی پاراستنی یەكپارچەیی یەمەنیان بەهەند وەرگرت‌و توخنی مافی بڕیاردانی چارەنوسی خەڵكی یەمەن نەكەوتن.

نەتەوەیەكگرتووەكان‌و ولاتانی زلهێزو خودی كۆمەڵەو ڕێكخراوە هەرێمییەكان لەهەندێك پرسی تایبەتدا ڕۆڵیان بینیوە، كە مافی بڕیاردانی نەتەوەكان مسۆگەر بكەن، بۆنموونە كۆمەڵەی نەتەوەكان تەیموری ڕۆژهەڵاتیان لەداگیركاریی ئەندەنوسیا هێنایە دەرێ، ئەوان لەساڵی 1975 وە جەنگی چەكدارییان دەكرد، لە22ی دیسەمبەری 1976 دا ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری دا گەلی تەیمور مافی بڕیاردانی چارەنوسی هەیەو

بڕيـــاری 384 دەركـــردو داوای پاشەكشـــەی هێـــزە ئەندەنوسييەكانيانكردو داوايانكرد پورتوگاڵ هاوكاريـــان بكات بۆ ئەو پرسە. ئەم ڕێو شوێنانە بەردەوام بوون تـا لە2002 دا توانيان سەربەخۆيی بەدەستبهێنن. لەهەرێمی كۆسۆڤۆش بەهەمان شـێوە نەتەوەيـەكگرتوەوكان ڕۆڵـی يەكلاكەرەوەيان هەبوو تا لە2008 دا گەيشتن بەئەنجام. 9 لـــەم ڕەهەنـــدەوە تێدەگـــەين، كـــە بەنـــدو بـــاوە نێونەتەوەييەكان گەلێ پرسی هەستياری نەتـەوەيیو مـافی ڕەوای لـــەپێناو ڕەوايـــەتی بەرژەوەنـــدخوازيی خۆيانـــدا پشتگوێخســـتووەو لـــەنوێترين ياســـا نێونەتەوەييـــەكانی جيهانيشدا شوێنيان ناكەنـەوە، بۆنموونـە پرسـی نەتـەوەو كەمينە ئايينيە موسڵمانەكانی ڕۆژهەلاّتی نـاوين، لەگـەڵ بانگەشەی بەديموكراتيزەكردنی نێوچەكەدا هێشتا پايماڵە، گرنگترينی ئەو پرسانەش بريتين لەپرسی نەتەوەی كوردو ئاينزاكـــانی ناوچـــەكەو ناهاوســـەنگی لەدەســـەلاّتداريی كەمينەيەك بەسەر زۆرينەيەكدا وەك لەسورياو بـەحرەين، ياخود چەوسانەوەی كەمينـەكان وەك لەسعوديەو هتـد. ديـــارە لەرێكـــەوتنی نێونەتەوەييـــدا چـــوار كۆمـــەڵ ديـــاريكراون، كـــە لـــەنێوبردنيان وەكـــو جينۆســـايد شوێنيكراوەتەوە، لەوانە كۆمەڵی نەتـەوەيی، ڕەگـەزی، ئيتنـــی، ئـــايينی. تـــاوەكو ئێســـتاش لـــەدادگای دادی نێودەوڵەتيدا وەكو جينۆسايد چـەند دۆسـيەيەك كاريـان لەســـەر كـــراوە لەوانـــە: دادگـــای تاوانـــەكانی جـــەنگ سـەبارەت بەيۆگسـلافيای پێشـوو، دادگـای تاوانـەكانی جەنگ لەرواندا، لەم دووايیانەيشـدا سـەبارەت بـەبۆرما دادگای تاوانەكان دۆسيەی تايبـەتی كـردەوە. بۆنموونـە: سـەبارەت بەيۆگسـلافيا ئەنجومـەنی ئاسـايش بڕيـاری (808)ی سـاڵی 1993ی دەركـرد بـۆ لێپێچـينەوە لەئەنجامدەرانی جينۆسايد. هەروەها لەئەنجومەنی ئاسـايش بڕياری (955)ی لەساڵی 1994 سـەبارەت بەروانـدا دەركرد. 10

لێرەدا ئاماژە بەچەند نموونەيەك لەو تاوانانەی جەنگ دەدەيـــن، كـــە لەســـەدەی بيســـتەمدا ئەنجامـــدراونو كۆمەڵگەی نێونەتەوەيی بەجينۆسايد هەژماری كـردوون. لەيوگسـلافياداو لەشـاری هامبـارينی موسـڵمان نشـين، قڕكردنـــی 1000 موســـڵمان، لـــە(1992/5/23)، لە(1992/5/26) لەسێدارەدانی پێنج هەزار موسڵمان لەگونـدی كـوزاراك. لەشـاری فيشـكراد سـربەكان هەستاون بەبۆردومانی شـارەكەو پاشـان 400 كەسـيان سـەربڕيوە. لەشـاری سـەرايڤۆ ڕۆژانـە 40 كەسـيان كوشتووەو لەميانی (1992/4/5) تـا (1992/6/23) توانيويانە 40000 كەس بكوژن، كە 30000 بەكۆمەڵ كوشـتوون. 11 هـەر لەسـەدەی بيستەمدا قڕكردنـی فەلەستينييەكان لەلايـەن ئيسـرائيلەوە بووەتـە بەشـێك لەبابـــەتی توێژينـــەوەكانو لەچـــەندين قۆنـــاغی دياريكراويشدا بەهەوڵی كۆمەڵی ولاّتانی عەرەبی بووەتە باسو خواسی دادگای نێونەتەوەيی. بۆنموونە: لـە(31ی دێسەمبەری 1947) كوشتاری ( بلده شيح) كـە تێيـدا 600 ژنو پياويـــان بەكۆمـــەڵ كوشـــت. هـــەروەها كوشـتاری گونـدی (سـەع سـەع) لەشـاری جـەليل لە(1948/2/14) كە دەيان خانويـان بەسـەر خـەڵكی فەڵەستينيدا رووخاندو بـوون بـەژێرەوەو 360 كەسـيان

كوشت. هەروەها كوشتاری گوندی ( ابو شوشە) لە(1948/5/14) توانیان بەدەیان ژنو منالْ پێكەوە بكوژن، هەروەها كوشتاری ( اللد) لە(11ی ئەیلولی 1948) تێیدا سەدان فەلْەستینی پێكەوە كوژران. كوشتاری سەبراو شاتێلا لە(16 دێسەمبەری 1982) لەماوەی 36 كاتژمێرداو بەرێبەرایەتی ئاریێل شارۆن تێیدا 3500 فەلەستینی كوژران. هەروەها كوشتاری مزگەوتی ئەقسا لە(18ی ئۆكتۆبەری 1990) دەیان فەلْەستینی كوژران، كوشتاری حەرەمی ئیبراهیمیش بەهەمان شێوە لە(25/ 1994/4) بەدەیانكەس كوژران. ئیسرائیل تەنها لەفەلْەستیندا كۆمەلْكوژی نەكردووە، بەلْكو دیارترین كوشتاری دژ بەهێزەكانی ئاشتی پارێز بوو لەباشوری لوبنان، كە بەكوشتاری (قانا) ناودەبرێت لە(1996/4/18)، تێیدا 160 هاولاتی سڤیلی فەلْەستینیو لوبنانی كوژران. 12 لەراستیدا بەگوێرەی تیۆرە نوێیەكانی جینۆساید لەئێستادا جینۆسایدی شاراوە كاریگەرترین جۆری جینۆسایدە دژ بەكەمینەو نەتەوەكان، بەتایبەتی لەرۆژهەلاتدا جێبەجێ دەكرێت. تیۆرە هاوچەرخەكان جینۆسایدی شاراوە بەترسناكترین دەزانن، چونكە نەتەوە سەردەستەكانو حكومەتە بالادەستەكان پرۆسەی هێواشو شاراوەیان لەهەمبەر مرۆڤگەلێكی ئیتنیو ئایینی دەست داوەتێ، كە هێشتا نەبوونەتە دۆسیەو نەبوونەتە پرسێك، كە بەدوواداچوونی لەبارەوە بكرێتو وەكو دۆسیەیەكی نێونەتەوەیی شوێنی نەكراوەتەوە، گرنگترینی فۆرمی جینۆسایدی شاراوە دەرهەق بەنەتەوەی كوردو ئەمازیغ وەكو دوو گەلی رۆژهەلات لەم توێژینەوەیەدا دەخرێتەڕوو، كە هێشتا وەكو پێویست لەبەندوباوی نێونەتەوەییدا شوێنیان نەكراوەتەوە، لەكاتێكدا كە نەتەوەی بەرینو بەرفروانی كیشوەرەكانی رۆژهەلاتو ئاسیاو باكوری ئەفەریقان، لەبەرئەوەی هێشتا خودانی قەوارەی سیاسییو سەربەخۆیی نین. لەلایەكی ترەوە تیۆرە هاوچەرخەكان نەزمی جینۆساید تەنها لەفۆرمی قڕكردنی فیزیكیدا نابیننەوە، بەلْكو لەئێستادا تیۆری ناساندنی جینۆساید فراوانتر لێی دەڕوانرێت، بۆنموونە ئەم فۆرمانەی جینۆساید دیارترینی شێوازەكانی قڕكردنن كە بریتین لە:

1. جینۆسایدی فیزیكیی: بریتییە لە لەنێوبردنی بوونی جەستەییو كوشتنی مرۆڤ گەلێك لەسەر بنەمای ئەوەی سەر بەنەتەوەو مەزهەبو رەچەلْەكو بازنەیەكی سیاسیو باوەڕێكی دیاریكراوە.

2.جینۆسایدی بایەلۆژیی: واتە زەمینەسازی بۆ گەشەو زۆربوونو بەرتەسككردنەوەی رێژەی گرووپێكی دیاریكراو.

3. جینۆسایدی فەرهەنگیی: واتە بندەستكردنی كەلتورو زمانو شێواندنی مێژوو بنەما كۆمەلایەتییە باوەكانو نەریتی نەتەوەو گرووپێكی دیاریكراو لەنێودانی ژیارو شارستانییەتو مۆركی نەتەوەییان.

4. جینۆسایدی ئابووریی: واتە بەتالانبردنو كوێركردنەوەی بنەما ئابورییەكانی نەتەوەو گرووپێكی دیاریكراوو زەوتكردنی مافە ئابورییەكانی گرووپێك، كە لەراستیدا بۆخۆیان خاوەنی ئەو بنەما ئابورییەن، لێرەوە

ئەو دانیشتوانە بەهۆی وشککردن یان دەستبەسەراگرتنی بنەما ئابوریەکانیان هەڵدەکەنرێن و برسیدەکرێن. 13

## (4.2) جولآنەوەی رزگاریخوازی کوردو ئەمازیغ لەسەدەی بیستەمدا

یەکەم- سەرنجێکی گشتی لەسەر جولآنەوەی رزگاریخوازی کورد لەسەدەی بیستەمدا

نەتەوەی کورد لەسەدەی بیستەمدا وەکو هەموو نەتەوە بندەستەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی لەخەباتی رزگاریخوازیدا بوو، دەیویست لەچوارچێوەی گۆڕانکارییەکانی ئەو قۆناغەداو لەسەر بنەمای ئەم جاڕنامە جیهانییانەدا بەمافەکانی خۆی بگات. دەستپێکی ستایشکردنی مافی مرۆڤو پیاهەڵدانی مرۆڤسالاری لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستیدا لەروسیای قەیسەری لەساڵی 1917 دا دەستپێدەکات. راستەوخۆ دەسەڵاتداریێتی نوێی سۆڤییەت بنەمای مافی بڕیاردانی چارەنوسی نەتەوەکان لە15ی تشرینی دووەمی 1917 دا بلآودەکاتەوە . لەراگەیەنراوەکەدا هاتووەك راگەیاندنی مافەکانی گەلانی روسیا، مافی دیاریکردنی چارەنوسی لەخۆگرتووە، بەشێوەیەك مافی سەربەخۆژیانو دەوڵەتی سەربەخۆشی لەخۆدا بەرجەستەکرد . خودی لینین (1780–1924) لێنەوی تاوەکو لەهەوەڵێن دەستوری بڕیارلێدراودا 1918 شوێنی ئەو راگەیەنراوەی کردەوە. ئەوان لەم پرەنسیپەدا پشتبەستوو بوون بەکۆنگرەی لەندەنی 1896، کە پێشتر ئومەمییەتی کۆمۆنیزمیان تێدا چەسپاندبوو، لەوێوە بناغەیەکیان بۆ بڕیاردان لەمافی چارەی خۆنوسین دانابوو. لێرەداو لەروانگەی لینیندا بڕیاردان لەمافی چارەنوسی گەلان بەواتای مافی نەتەوەکان دەهات بۆ سەربەخۆیی، ئەوە لەرووە سیاسییەکەوە، واتە مافی جیابوونەوەی نەتەوەیەکی بندەست، نەتەوەیەك کە لەسایەی نەتەوەیەکی بالآدەستدا دوچاری پلیشانەوەو پوکانەوە دێت. ئیدی ئەوە باوەڕێك بوو دەبوو هەموو پارتە کۆمۆنیستو کرێکارییەکان پێوەی پابەندبن، هەموو ئەو پارتانەی کە نەیاری چەوسانەوەو داگیرکەرن و باوەڕیان بەئومەمییەت هەیە. 14 وەختێك لەجەنگی جیهانی یەکەمدا (1914–1918) ولآتانی ئیمپریالیزم سەرکەوتن بەسەر قەڵەمڕەوی سیاسی عوسمانیو نەمساوییەکاندا، ئەوێ دەمێ سەرۆکی ئەمەریکا ودرۆ ولسن (1856–1924) راگەیەنراوێکی دەرکرد، ئەو راگەیەنراوە بەڵگەنامەیەکی 14 خاڵی بوون و لەخاڵی دەیەمدا بەئاشکرا بڕیاردانی مافی چارەی خۆنوسینی نەتەوە بندەستەکانی خستبووەڕوو، هاوکات ئەو بەندانەی رەوانەی کۆمەڵەی نەتەوەکان کردو جەختی لەبارەی بەرێوە چوونی کردەوە. دیارە هەر لەدەستپێکدا خودی کۆمەڵەی نەتەوەکان پێشێلی ئەو بەندانەی کرد، چونکە لەهەمانکاتدا رەزامەندییان لەسەر ئینتیدابی ئەو نەتەوانە نیشاندا بەتایبەتی ئەو نەتەوانەی، کە لەرەوشی پێگەیشتن و لەسەرپێخۆڕاوەستاندا بوون.

لەجەنگی جیهانی یەکەمدا هاوپەیمانان دژی تورکیا لەجەنگدا بوون، ئەوان لەرەفتاری عوسمانییەکان دژ بەئەرمەن و یۆنانییەکان و کەمایەتییە ئاینییەکان نیگەران بوون. ئەوەبوو لەپاش جەنگ بوونە پشتیوانی ئەرمەنیو

یۆنانییەكانو نەتەوەی كوردیش لەوابەستەبوونیان بەئاینەوە سزادران. 15 دواجار چارەنوسی ئەرمەنو كورد وەك دوو نەتەوەی زیانباری دوای جەنگ تەنها ئاینو بەرژەوەندیی زلهێزان یەكلایی دەكردەوە. 16 هەم لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمو لەسەردەمی ئیتحادییەكان بەتایبەتی ساڵی(1915) فەرمانی كوشتنو وەدەرنانی ئەرمەنییەكان دراو ئەرمەنیەكان ئەرمینیای رۆژئاوایان لەدەستداو 350 هەزار ئەرمەنی بەرەو ئەرمینیای رۆژهەلاتو قەوقاز دەركران. 17 لەپاش جەنگیش كەمالییەكان پەلاماری ئەرمینیای رۆژهەلاتیان داو جارێكی تر پاكسازییان ئەنجامدا. ئەرمەنییەكان بەپشتیوانی هاوپەیمانان لە(28/ 5/ 1918) ئەنجومەنی نەتەوەییان هەبوو، لە20ی یەنایەردا كۆماری ئەرمینیا بوو بەئەمری واقیعو بەفەرمی ناسێنرا. لە(1920/8/10) لەپەیمانی سیڤەردا و لەمادەی 88 دا دان بەسەربەخۆیی ئەرمینیادا نرا. 18 لەبەرامبەرداو لەپاش جەنگی جیهانی دووەم نەتەوەی كورد پەرتكراو سیاسەتی ئیمپریالیستی كوردی لەئەرمەن جیاكردەوە. نەتەوەی كورد نەك ئەزموونی ئیمپریالیزمی خۆرئاوا، بەڵكو لەدەستپێكی چێبوونی جەمسەرە نەیارەكەی ئەوانیش پەیامی خۆی گەیاندە كۆمۆنیزمو پێشەنگی پاڵەو كرێكارانو چەوساوەكانی جیهان، نامەكانی شێخ مەحموود بۆ لینین، بەتایبەتی نامە بەناوبانگەكەی بۆ كونسوڵی روسیا لەتەوریز ئەو راستیەمان بۆ دوپاتدەكاتەوە، كە سۆڤیەت قۆناغێكی تری بندەستكردنی كورد بوو، لەبەرامبەردا دەستێكی بنباڵی ئەرمەنەكان بوو. شێخ مەحمود لەنامەكەیدا دەنوسێ:"ساڵی 1917 دنیا دەنگی ئازادی راستەقینەی گوێ لێبوو، زانی گەلەكەتان لەچنگی تاوانباران رزگاری بووە، هەموو گەلانو نەتەوەكان شادمان بوون". هەروەها دەنوسێ:"ئەمڕۆ گەلی كوردستان دەستی یارمەتی بۆلای ئێوە درێژ دەكاتو ئاواتەخوازە لەگەڵتان دۆستایەتی بكا، لانی كەم هیوامان هەیە كە گەلی كورد بەمافە رەواكانی دەگات". هەروەها دەنوسێ:" ئێوە دەزانن گەلی كورد لەباشوور لەكێ راپەڕیوە، دەزانن هەڵوێستی ولاتانی دراوسێ بەرامبەر بەم چەشنە مەسەلانە چیە، بڕوامان وایە ئێوە پشتیوانی ئێمەنو گەلی كورد پێی وایە روسیا رۆژهەلات رزگار دەكات". بەلام هیچكام لەو نامانەی شێخ مەحمود وەلامیان نەبوو. 19 لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە شكستی شۆڕشەكانی ڕابردووی كوردو كاریگەریی هێزی نەتەوایەتی خۆرئاواو ستەمی عوسمانییەكان بایسی ئەوە بوون كورد ڕوو لەكاری ڕێكخستنو رێكخراوەیی بنێت. ژیانی پارتایەتی سەربەخۆی كوردیی وەك قۆناغێكی نوێ لەخەباتی رزگاریخوازی نەتەوەیی كورد، بەدامەرزاندنی جەمعیەتی تەعاونو تەرەقی كورد لە(2ی تشرینی یەكەمی 1908) دا دەستی پێكرد. 20

دەتوانین بڵێین جیاوازی سیاسیی بوو بەهۆی نەبوونی پرۆژەیەكی كارا بۆ رزگاری نەتەوەیی كورد لەو قۆناغەدا. پاش ئەوەی بزووتنەوەی كەمالیزم بەتوندی رووبەڕووی هێزی نەتەوایەتیی كورد بووەوە، لەكاردانەوەی ئەو رەوشەدا جولانەوەی كورد دەستی

دايە چەندين شۆڕشى كلاسيكى لەوانە شۆڕشى شێخ سەعيدى پيرانو شۆڕشى ئارارت 1927، شۆڕشى سەيدرەزاى دەرسيمى 1938، لەباشورو رۆژهەلاتى كوردستانيش شۆڕشەكانى شێخ مەحمودو سمكۆى شكاك. ئيدى ئەم نەزمە لەپاش جەنگى جيهنى دووەم جولانەوەى كورد وەك بزاڤێكى نەتەوەيىو رزگاريخوازى چووە قۆناغێكى نوێوە، شكستى كۆمارى مەهاباد لە18ى كانونى يەكەم 1946دا، كاردانەوەى تراژيديى لەسەر جوولانەوەى نەتەوايەتى هەموو كوردستان هەبوو، بەلام ئەزموونى كۆمارى مەهابادو بەرەنگاريى نەتەوەپەروەرانى باشوورى كوردستان دژى دەسەلاتە هەرێمييەكان، ماناو ناوەڕۆكێكى نەتەوايەتيى مەزنى لەلاى هەستو هۆشى كورد لەباكوورى كوردستان دەگەياند. هەموو ئەوانە ڕووداوگەلێكى مەزن بوونو ئيلهامبەخشى ناسيۆناليستيى بوون لەباكوورى كوردستانو باشوورو رۆژئاواى كوردستاندا. 21 پاش ئەوەى نەتەوە بالادەستەكانى عەرەبو توركو فارس بوونە خودانى دەسەلاتێكى سيكۆلارو ستەمكار، ئيدى بەهەماهەنگى لەپاش جەنگى جيهانى دووەم كاريان دەكرد بۆ سەركوتكردنى جولانەوەى رزگاريخوازى كورد. لەباشوردا پارتى ديموكراتى كوردستانى ئێراق لەشەستەكانەوە دەستى دايە شۆڕشى چەكداريى بەرێبەرايەتى مەلا مستەفاى بارزانى، لەباكوريشدا كارى پارتايەتى بەنهێنى مايەوە تاوەكو پارتى كرێكارانى كوردستان لە1984 دا خەباتى چەكدارى راگەياند. لەرۆژهەلاتى كوردستانيشدا لەروخانى كۆمارى كوردستان لەمهابادەوە 1947 تاوەكو ئێستا خەباتى پارتايەتى نهێنىو سياسىو پارتيزانى بەردەوامە. ئێستا لەپاش راپەڕينى 1991 لەباشورى كوردستان هەرێمێكى ياسايى لەچوارچێوەى ئێراقى فيدرالدا بوونى هەيەو هێشتا بەتەواوەتى هەموو باشورى كوردستان بەمافە نەتەوەييەكانى خۆى نەگەيشتووە، لەخۆرئاواى كوردستانيشدا لەپاش بەهارى عەرەبى 2011 كوردەكان توانيويانە بەشێك لەخۆرئاواى كوردستان بەڕێوەبەرن، بەلام هێشتا لەژێر هەڕەشەى توركياو سورياو گروپە تيرۆريستييەكاندان. باكورى كوردستانيش خەباتى سياسىو رێپێدراويان هەيەو چالاكى پەرلەمانيان بەردەوامە، بەلام دۆزى نەتەوەيى كورد لەئاستێكدايە هێشتا پارتى كرێكارانى كوردستان لەقۆناغى خەباتى چەكداريدايەو ديارترين سەركردەيان لەزيندانەكانى توركيادايە. رۆژهەلاتى كوردستان هێشتا مافى خۆبەڕێوەبەريان نييەو لەقۆناغێكى ترسناكى سيستەماتيكى چەوسانەوەو جينۆسايدى كلتورىو ئابورىو فەرهەنگيدان. ديارە باشوورى كوردستان نێوچەيەكى كلۆمدراوە لەلايەن دراوسێكانييەوە، هەميشە هەستى فشارو گەمارۆى لەلا زيندوو بووە. لەهەمان كاتيشدا جەنگى نێوان پەكەكەو توركيا پاش دوو سالى تەواو لەهێورى دەستى پێكردووەتەوە. پەكەكەش جەمسەرێكى ديكەى كوردەكانە، كە لەنێو توركيادا داراى ئەجێنداى خۆيەتى. توركيا نيگەرانى هەژموونى پەكەكەيە لەبەشێكى گەورەى كوردستانى سورياداو دەترسێ شوێنەوارى لەسەر كوردانى خۆى هەبێت. وەلێ زالى

پـارتی دیمـوكراتی كوردسـتان لـەهـەرێمی باشـووری كوردستاندا، خەیاڵی توركیای لەهەمبـەر مەترسییەكانی یەكەكـە تـەختكردووە. دیـارە یەكەكـە لەنێوچـە سنوورییەكانی باشووری كوردستان جـێگیر بـوون. 22 هاوكات ئەگەر دەوڵەتی كوردی ئەستەمیش نەبێت، ئەوا ژیان تێیدا سەخت‌و دژوار دەبێت، چونكە لەسەر سامانە سروشتییەكان‌و لەسـەر ناوچـەی جیٚ نـاكۆك‌و لەسـەر دابەشكردنی ئاو كێشەكان فرە فرەن، ئاخۆ لـەو كاتـەدا كاردانەوەی توركیـاو ئێـرانیش چـلۆن دەبێـت؟ هـەموو ئەوانـە پـرس گـەلێكی چـاوەڕوان كـراون، رەنگـە لەرەوشێكی لـەو جـۆرەدا توركیـاو ئێـران بـۆ گـۆڕینی هەڵوێسـتیان پـەنا ببەنـە بـەر كـوردی باشـوور تـاوەكو هاوكاریان بێت لەسەركوت‌و بندەستكردنی كوردەكـانی خۆیاندا.

## دووەم: جولانـــەوەی رزگـــاریخوازی نەتـــەوەی ئەمازیغ

پرسی ناسنامەی نەتەوەیی ئەمازیغەكان (berberie) لەباكوری ئەفریقا، پرسـێكی ترسـناك‌و تەژییـە لـەپلان‌و هەوڵـدان بـۆ شـێواندن‌و شـاردنەوەی. ئەمازیغـەكان نەتەوەیەكی رەسەن‌و دێرین‌و لەوڵاتانی عەرەبی باكوری ئـەفریقادا نیشـتەجێن. لەسـەردەمی فتوحـاتی ئیسـلامیدا ئەوان وەك نەتەوەیەك بە(بەربەر) ناسرا بـوون. مێـژووی ملـملانێی ئەم نەتەوە لەسەردەمی فیرعەونییەكانەوە بوونی هەیە لەمێژووی میسری كۆندا. 23 ناوەكـەیان بـەواتای مەردی ئازادو بەجەرگ دێت، هەروەها بەبەربەریش نـاو دەبرێن. لەسەرچاوە مێژووییەكاندا هەركـەس بـەگریكی نەئاخافتایە بەبەربارۆس ناویان دەبرد. هەندێكی تـر پێیـان وایە لە(barbarous) هاتووە كە وشـەیەكی رۆمانییـە. هەنـدێكیش پێیـان وایـە بـەكارهێنانی وشـەی بەربـەر هۆكارێكی سیاسییە بۆ بەكەم سەیركردنیان، چـونكە بـۆ خۆیان بەكاریناهێنن. ئەوان جگە لـەئـەمازیغ ناویدیكـەی وەك (مۆر، نۆمیدییەكان، لۆبییـەكانیان) بـۆ بـەكاردێت. ئەوان دانیشتووی رەسـەنی بـاكوری ئـەفریقان‌و 6000 پـێش زایـین لـەوێنـدەر ژیـاون. هـەروەك تایبەتمەنـدی نەتەوەییان هەیەو دارای رۆژمێری تایبەت بەخۆیانن، كـە 715 پ.ز توانیویانە بەسەر فیرعەونەكاندا سـەربكەون‌و بەدەستپێكی رۆژمێری خۆیان دایـدەنێن. ئـەوان خـودانی زمانی تایبـەت بـەخۆیانن، زمانەكـەیان 11 شـێوە زاری لێدەبێتـەوە. ئێسـتا رەوەنـدێكی گـەورەی ئـەورووپان بەتایبەتی لەفەرەنسا، چـونكە بەسیاسـەتی بەعـەرەبكردن كۆچـیانكردووە، بەتایبـەتی ئەمازیغـەكانی جـەزائیرو مەغریب. لەئێستادا لەجەزائیرو مەغریب‌و لیبیـاو مـالی‌و نەیجیریا بوونیان هەیە. 24

ئەمازیغـەكان بەدرێـژایی پانتـایی وڵاتـانی مـەغریبی عەرەبی لەسنوری لیبیاو میسرەوە تاوەكو كـەناراوەكانی وڵاتی مـەغریب‌و لەباشووریشـەوە بەئاراسـتەی بیابـانی مەزن لەجولانەوەی رزگاریخوازیدان. لەسەردەمی نوێـدا كیشوەری ئەورووپا شوێنی چاوتێبڕینی ئیمپریـالیزم بـووە، لەو كاتـەوەی فەرەنسـا 1830 جـەزائیری داگیركـرد. هاوكات تونس لەساڵی 1881، لیبیا 1911و مەغریب لە1912 دا، بۆیە ئەمازیغەكان جولانەوەی رزگاریخوازی نیشـــتیمانیان لەســـەرەتای ســـەدەی بیســـتەمەوە دژ

بەداگیركــەری ئــەوروپی دەســتپێكرد. 25 جولانــەوەی ئەمازیغییـــەكان لـــەفۆرمی كۆمەڵایـــەتیی‌و سیاســـیدا جولانەوەیەكی یەكگرتووەو ئامانجێكی ســتراتیژیی هەیــە، كە وەك ئەلتەرناتیڤی مێژوویی بەرگریی چەكداریی خۆی دەنوێنێت، لـەهزری ســتراتیژیی خۆیـداو لــەپاش قۆنـاغی داگیركاریی فەڕەنسی قۆناغی دیاریكردنی مـافی چـارەی خۆنوسینی دەستداوەتیَ‌و دەیانەوێت دەوڵــەتی ســەربەخۆ پێكـــەوە بنـــێن‌و لـەبەرامبـــەر میتـــۆدی ســـتەمكارانەی عەرەبچـــێتیدا لێـــەویون. 26 جولانـــەوەی نەتـــەوەی ئەمازیغ جولانەوەیەكی هزریَ‌و كۆمەڵایـەتیَ‌و سیاسییەو لـەگەڵ پەرەسەندنی ناسیۆنالیزم لـەدەرهاویشتەی شۆڕشی پیشەسازیَ‌و بۆرجوازیَ‌و شۆڕشە لیبرالییــەكانی كۆتـایی سەدەی هــەژدەدا هاتــە پێشــەوە. ســەرەتای جولانــەوەی نەتەوەیی ئەمازیغییەكان لـەزەمینەسازییەكەوە هاتە ئاراوە، كــە لـەرەوگــەی بونیـادی سۆســیۆلۆجییان هاتــەئاراوە، ئەوەش سەرەتاكەی لـەفتوحاتی عەرەبییەوە دەستپێكرد بۆ ناوچەكانیان. چونكە پێش هــاتنی عــەرەب بیزەنتییــەكان لـەویَ بالآدەستبوون، بــەلاَم لاواز بــوون‌و وەك عــەرەب نەیانتوانی لـەتمە لـەبوونی نەتەوەیی ئەمازیغ بدەن. عەرەب خــودانی بەرنامــەو پــەیامو زمــانی بالآدەســتبوو، تــوانی كەلتورو فەرهەنگ‌و ئایینی ئەم نەتەوە بــەرەو ســڕینەوەو نەمان بــەرێت. 27 بــەهاتنی ئیسلام هــۆزە گــەورەكانی ئەمازیغ لـەوانە ( زناتین، سـنهاجین ، كتـامین) هاتنــە نـاو ئیسلامەوە. ئیدی لـەسەدەی حـەوت‌و هەشـتی زایینییــەوە بەربەرەكان بوونە ئیسلام، واتــە لــەمیانی دوو ســەدەدا. بەلاَم ئەوەی ئەمانی بەرەو جولانەوەی رزگاریخوازی بــرد بریتی بوو لـەسەپاندنی عەرەبچێتی، نەك ئیسـلام. چـونكە ئــەوان لــەمیانی دوو ســەدەدا موســڵمان بــوون، بــەلاَم نەبوونە عەرەب‌و جولانــەوەی رزگاریخوازیـان پـاش 14 سەدە لـەروبەڕووبوونەوەی هەژموونی نەتەوەیی عــەرەبی بەردەوامە. 28 ئەمازیغــەكان توانیـان فـۆرمی ئاینـداریی ئیسـلامیش بــەفۆرمی خۆیـان وەربگــرن بۆنمونــە وەكــو كوردەكـــان تێكـــەڵ بەجولانـــەوەی خـــەواریج بـــوون. دواتــریش لـەســـەدەی یـــازدەدا توانیـــان بەرێەرایـــەتی عەبدولاَی كــوڕی یاســین بنــەمای ئیمپراتــۆری مــورابتین دابمەزرێنن.كە زیـاتر سـۆفیزمێكی میللـی دەوڵـەتەكـەی دەجولانَد. بۆیە كەلتوری میللـی ئـەمازیغی رۆڵـی لــەو فۆرمە ئیسلامییەدا زۆر بەتۆخی بینی. زۆرێـك لـەناوچـە رەســەنەكانی ئــەمازیغ لـەكەناراوەكانـدا لـەســەر ئـاینی وەسەنی خۆیان مانەوە. 29 رەگەزی سەرەكی لـەراسانی ئەم نەتەوەیەدا زمانی هاوبــەش‌و هەسـتی هاوبــەش بــوو. ســـەرەتا لـەچـــەند گـــروپ‌و رێكخســـتنێكی نهێنـــی دژ بەعوسمانییەكان چێبوو. هــەوەڵین خــەباتی چــەكدارییان لـەسەدەی بیستەمدا، لـەبیستەكاندا بــوو، ئەمازیغــەكان لــە(جبال ریــف) دەســتیان دایــە خــەباتی چــەكداری دژ بەئیسپانیاو دواتر فەڕەنسا. دیارترین رێبــەری نەتــەوەییان محەمــەد عەبدولكــەریم خــەتابی بــوو. ئــەوان جــەنگی پارتیزانیان دەكـردو لـەسـەرەتادا چـەند سـەركەوتنێكیان بەدەســت هێنـا. بــەلاَم كــە فەڕەنسـا هاتــەناوەوە ئیـدی شۆڕشەكە كۆتـایی هـات‌و رێبەرەكـەیان دوورخرایـەوە. دووەم یاخیبوونی ئـەمازیغ 1958 لـەسـەردەمی پادشـای مەغریب حەسەنی دووەم بوو، كە هێرشـیان كـردە سـەر

ناوچە ریفیەكانو بووە هۆی هەڵهاتنی هەزاران گەنجی ئەمازیغی بۆ ئەوروپا. هەروەها جولأنەوەی هۆزەكان، كە بەبەهاری ئەمازیغی ناودەبرێت لەساڵی 1980 روویدا، ئەوە جولأنەوەیەكی سیاسیی بوو لەپێناو دانان بەزمانی ئەمازیغی وەك زمانێكی فەرمی لەجەزائیردا. جولأنەوەو پشێویەكە لەشاری جەزائیرو ناوچەی هۆزەكاندا بوو. یەكێك لەبیرمەندەكانیان مەولود موعەمەری لەزانكۆی تیزی كۆنگرەیەكی دەبەستن بەلأم لەلایەن جەزائیرەوە ڕێگریی لێكرا. جولأنەوەكە هۆزەكانی زواویە، شارەكانی تیزی وزو، نایپ عیشەو تیقزیرتو نایپ مزغنەی گرتەوە. هاوكات سالأنە لەیادی رووداوەكەدا دیسانەوە خۆپیشاندان دەكرا، تاوەكو لە9ی تەموزی 1998دا هونەرمەندی دیاری ئەمازیی مەعتوف لوناس(1956–1998) كوژرا30. ئەوەش نارەزایی بەرفراوانی لێكەوتەوە.هەروەها لە2001 دا لاوێك بەناوی ماسینیسا قرباح كوژرا دیسانەوە خۆپیشاندانی بەرفراوان هاتەئاراوە. 31 پێشتر لەجەزائیردا رێكخراوو پارتی سیاسی هەبوون. گرنگترینیان (بەرەی هێزە سۆشیالیستییەكان) بوو. كە لەسەر دەستی حسێن ئایات ئەحمەد یەكێك لەرابەرانی شۆڕشی رزگاریخوازی جەزائر دامەزران، رێبەری ئەم پارتە لەدەستپێكی نەوەدەكاندا دوورخرایەوە پاش ئەوەی بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو. ئەم پارتە مۆڵەت پێدراو بوو لەهەڵبژاردنەكانی 1991 توانی سێهەم پارتی سەر ئاستی جەزائر بێت. دەخوازن ولأت سیكۆلار بێتو لەپاڵ عەرەبیو فەرەنسی زمانی ئەمازیغی زمانێكی فەرمی بێت. پاشان پارتی كۆنگرە لەپێناو رۆشنبیریو دیموكراتی لەسەر دەستی سەعید سەعدی ساڵی 1989 دامەزرا. هەروەها حوكمی زاتیش وەكو گروپێك دامەزرانو نایانەوێ لەجەزائر جودا بنەوە بەلأم داوای ئۆتۆنۆمی دەكەن. ئەمەو چەندین گروپو رێكخراوی دیكەی نهێنی بەدرێژایی سەدەی بیستەم بونیان بووە.

دەوڵەتانی عەرەب جولأنەوەی ئەمازیغی بەجولأنەوەیەكی زایۆنیستی دەزانن‌و هەروەها پێیان وایە، كە دەستی خۆرئاوایان لەپشتە. بۆنموونە لەبروسكەیەكی باڵوێزی ئەمریكا لەریبات كە بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكای ناردووە باس لەوە دەكات، كە چالاكوانانی ئەمازیغ داوا لەئەمریكا دەكەن پشتیوانییان بكەن دژ بەعەرەبی رادیكاڵ. لەبروسكەیەكی تر كە لەپێگەی ویكیلیكس بڵاوبووەتەوە نوسراوە:"چالاكوانانی ئەمازیغ داوایان لەراوێژكاری سیاسیی لەباڵوێزی ئەمریكا كردووە، كە پێویستە ئەمریكا پشتیوانی نەتەوەگەرایانی ئەمازیغ بكات تاوەكو رووبەڕووی توندڕەوە عەرەبەكان بنەوە، وەكو چۆن بەریتانیاو فەڕەنسا یارمەتی عەرەبیان دا دژ بەعوسمانییەكان لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا. هەروەها نوسیویانە ئێمە:"عەرەب نین‌و رقیشمان لەعەرەببوون دەبێتەوە".32 جولأنەوەی رزگاریخوازی گەلی ئەمازیغ پاڵنەری زۆری هەبوون‌و بەچەندین قۆناغی جودادا تێپەڕیون. لەسەرەتاوە بەرگریی لەزمان‌و فەرهەنگ‌و رۆشنبیرییان بووە هەوێنی جولأنەوەكان. رۆشنبیرەكان وەكو گروپ هاتنە پێشەوەو داوای پاككردنەوەی زمانی ئەمازیغییان دەكرد. دواتر ئەم

خواستانە پێشكەوتن‌و بەرگێكی سیاسییان بەخۆیانەوە بینی. لەبیست ساڵی كۆتایی سەدەی بیستەمدا جوڵانەوەكە زیاتر سەریهەڵدا. لەجەزائیرو مەغریب‌و لیبیادا رێكخراوو رێكخستنی نوێ دروستبوون، بەڵام لەتونس‌و مۆریتانیادا لاواز بوون بەهۆكارگەلێكی تایبەتی. لەجەزائیردا ئەمازیغەكان بەرەی هێزە سۆسیالیستییەكانیان بەسەرۆكایەتی حسێن ئایات ئەحمەد لە29ی سێپتەمبەری 1963دامەزراند دژ بەحكومەتی ئەحمەد بن بلە. بەجۆرێك كەوتنە ململانێی چەكدارییەوە دژ بەحكومەت. هەروەها شوێنكەوتوانی فەریق شەبیبەجەزائیری لە19ی حوزەیرانی 1977 لەرێورەسمێكدا، كە سەرۆك وەزیران بومیدیەن ئامادەبوو دروشمی بەرهەڵستكارییان بەرز كردەوەو هاواریان دەكرد :"زمانی ئەمازیغی نامرێت". لەم رووداوەوە ئەم فەریقە گۆڕا بۆ فەریق ئلكترونیك تیزی وزو. 33 هەروەها لە2001 دا رێكخستنی (تنسيقيه العروش) دامەزرا، كە رێكخراوێكی مەدەنی بوو لەلایەن ئەمازیغەكانەوە شوێنكەوتووی زۆربوون‌و مۆركێكی تەواو سیاسیی هەبوو. ئەوان 12 خاڵیان دایە سەرۆك وەزیران بوتەفلیقە، بەڵام تەنها 4 خاڵ لەداواكانیان پەسەندكرا. ئەوان توانیان لە2002 دا زمانەكەیان وەكو زمانێكی فەرمی لەجەزائیردا بچەسپێنن.

لەمەغریبیشدا توانیان بۆ یەكەمجار لەسەردەمی مەلیك حەسەنی دووەم لە1994 دا زمانی ئەمازیغی بهێنە بەرنامەی پەروەردەوە. لەو وڵاتەدا كۆمەڵەی رۆشنبیری ئەمازیغی لەمەغریب بەسەرۆكایەتی محەمەد شەفیق توانیان لە2000 دا زمانەكەیان بەفەرمی بناسێنن، تا ئەوكاتەش تۆماری ناوی منداڵ بەزمانی ئەمازیغی قەدەغەبوو. هەروەها لە2000 دا سەرۆكی ئەنجومەنی جیهانی ئەمازیغی (رەشید راخە) بەشداربوو لەو خۆپیشاندانانەی، كە داوای ناساندنی نەتەوەی ئەمازیغیان دەكرد لەمەغریبدا. ئەوان هاوسۆزیشیان بۆ ئەمازیغەكانی جەزائیر دەربڕی بەتایبەت لەپاش كوشتنی لاوێك بەناوی قرباح. لە2003 مەلیكی شەشەمی مەغریب پەیمانگای پاشایەتی بۆ كولتوری ئەمازیغی دامەزراندو بەفەرمی دانی نا بەزمانی ئەمازیغی‌و لە300 قوتابخانەی سەرەتایی مەغریبی زمانی ئەمازیغی دەخوێنرا. لەكۆنگرەیەكیشدا لەریبات داواكرا لەهەموو قوتابخانەكاندا ئەمازیغی بخوێنرێت. لەلیبیایشدا تاوەكو 2001 زمانی ئەمازیغی قەدەغەبوو. ئەمازیغییەكان زیاتر لەدەرەوە جوڵانەوەیەكی بەرهەڵستكارییان بۆ پشتیوانی ئەمازیغییەكانی لیبیا دروستكردبوو. لە16ی كانونی دووەمی 2004 خۆپیشاندانیان لەدەرەوە رێكخست‌و داوایانكرد ئەمازیغییەكان لەرووی سیاسەت‌و كەلتورەوە بندەست نەكرێن. هەروەها داوایانكرد مەزهەبی ئەبازی، كە ئەمازیغی بوون رێگەیان پێبدرێت. هەروەها داوایانكرد رێگەیان بدەن رێكخراوو كۆمەڵەیان هەبێت. جگە لەوە كۆنگرەیەكیان لەلەندەن بەست‌و راسپاردەو دروشمی بریتی بوو لەوەی، كە مافی ئەمازیغ دابینبكرێت‌و زمانەكەیان نەكوژن. تاوەكو سەیفولئیسلامی كوڕی سەرۆكی لیبیا لە2005 دا رایگەیاند ئەمازیغیەكان بەشێكن لەكەلتوری لیبیاو دژی یاسای 24ی دەستور

رەخنەى گرت، كە نەيدەهێلا زامنى ئەمازيغى بەكار بێت. لە2005 دا موعەمەر قەزافى پێشوازى لەسەرۆكى كۆنگرەى جيهانى ئەمازيغى د. بلقاسم لوناس كرد. 34 بەم جۆرە خەباتى ئەمازيغييەكان لەباكورى ئەفريقا خەباتێكى نەپساوە بوو لەپێناو مافە كولتورىو سياسيىو فەرهەنگييەكانيانو بەدرێژايى سەدەى بيستەم لەو خەباتەدا بەردەوامبوون.

## ( 4.3 ) فاكتەرو فۆرمى جينۆسايد دەرهەق بەكوردو ئەمازيغ

### يەكەم- فاكتەرو فۆرمى جينۆسايد بەرامبەر بەئەمازيغەكان لەسەدەى بيستەمدا

ئەمازيغەكان لەچەند ولاتێكى باكورى ئەفريقادا نيشتەجێن، لەوانە(مەغريب، جەزائر، تونس، ليبيان موريتانيا، هەرێمەكانى تەواريق لەنەيجيريا، مالى، بوركينافاسو). هەروەها زمانەكەيشيان بريتييە لەزمانى: ئەمازيغى، دارجە، حسانيە. لەرووى ئاينيشەوە سەر بەئاينەكانى ئيسلامو مەسيحىو جوون. مەزهەبەكانيشيان بريتين لە(شيعەن سونە، ئەبازى، پرۆتستانت، كاسۆليك). لەرووى هۆزايەتيشەوە لەچەندين هۆز خۆيان دەبيننەوە كە بريتين لە: (ريفى، زناتى، زيانى، دكالى، سوسى، جەبەلى، سنهاجى، مەسمودى، تەوارقى، رەتيبى). ئەمازيغەكان بەهۆى سياسەتى بندەستكردنى ئەو ولاتانەى هەلگرى رەگەزنامەن تێيدا بەشێكيان دەربازى هەندەران بوونو زياتر لەئەوروپاو ئەمريكاو ئەمريكاى لاتيندا دەژين. ئەمازيغەكان بەگوێرەى كۆى سەرژمێريەكان لەتێكڕاى ئەو ولاتانەدا، كە تێيدا دەژين رێژەيان بە20.845.000ئەمازيغى دەخەملێنن. ئەوان بەم جۆرە دابەشبوون: جەزائير 20٪ى هاولاتيانى ئەو ولاتەن، لەنەيجيريا 10٪، لەمالى 3٪، لەبوركينافاسو 1٪، لەتونسدا 100 هەزارو لەميسردا 20 هەزار كەس دەبن. 35 ولاتانى عەرەبى لەباكورى ئەفريقا لەدوو قۆناغى دياريكراو لەهەمبەر ئەم گروپە ئيتنييەكان مامەلەى ستەمكارانەو مرۆڤى پلەدويان بەكارهێناوە. لەقۆناغێكدا كە بۆخۆيان بندەست بوونو لەقۆناغى رزگاريخوازيدا بوون، لەرووى كۆمەلايەتىو فەرهەنگىو بەكارهێنانى توانى ئەمازيغەكانەوە بۆ سەربەخۆيى ولاتەكانيانو رزگاربوونيان لەچنگى ئيمپريالیزم هەولياندواە ئەمازيغ پاكتاو بكەن. لەقۆناغى دووەمدا كە قۆناغى پاش سەربەخۆبوونى ولاتە عەرەبيەكانى باكورى ئەفريقايە، ديسانەوە سياسەتى نكوليكردن لەنەتەوەى ئەمازيغ بەجۆرێك شكايەوە، كە ئەو نەتەوەيە بەتەواوى لەهەموو رەهەندەكانى جينۆسايدەوە لەنێوبەرن. ئەمازيغەكان بەدرێژايى سەدەى بيستەم ناسنامەيەكى جگە لەناسنامەى خۆيان بەسەردا سەپاوەو پاكتاوى ناسنامەيان كراوە، رۆشنبيريان زەوتكراوەو لەزێدى خۆيان هەلكەنراون، زمانى دايكيان زەوتكراوەو بەزمانێك دەياندوێنن، كە لێى تێناگەن، ياسايەكيان دەرهەق جێبەجێدەكرێت، كە لەدەرەوەى ياسايەو هەموو خواستێكى عروبەيان بەشمشێرو بەچەك بەسەردا سەپاوە. لەتێكڕاى ئەو ولاتە عەرەبيانەى كە تێيدا دەژين لەو سەد سالەدا رووبەڕووى كوشتنو سزادانو زيندانى نهێنىو رفاندنو هەڕەشە بوونەتەوە. ئەوەش بەگوێرەى هەمو

یاسا هاوچەرخەکان داگیرکاریو پاکتاوو جینۆسایدی ئەو نەتەوەیە. ئەوان نەیانتوانیوە لەبەرگریی چەکدارانەدا سەرکەوتوو بن. بۆیە خەباتی مەدەنیو سیاسی و ڕێکخراوەییو ڕۆشنبیریان بەردەوام بووە، خەباتیان کردووە لەو ولاّتانەدا، کە بڕوایان بەدیموکراسیو مافی مرۆڤو ئازادی نییە. بۆیە پرسی ئەمازیغ لەسەدەی بیستدا پرسێکی پەراوێزخراو، پرسێکی سەرکوتکراوو بەعەرەبکراوو لەگۆڕنراو بووەو خۆی لەسڕینەوەی ناسنامەیاندا بینیوەتەوە. 36 لەمەغریبدا لەوکاتەوەی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا دەوڵەتی ئەداریسەی عەلەوی 800ز دروستدەبێت، ئیسلام وەکو بیرۆکەی عروبە لەتمەیەکی گەورە لەناسنامەی ئەمازیغ دەدات. ئەوان پێیانوابوو ئەوەی عەرەب نەبێت موسڵمان نییە. لەوکاتەوە ناوی ئەمازیغی قەدەغە کرا تاوەکو دەستپێکی سەدەی بیستو یەکەم. ناوی شارەکان گۆڕاو سڕانەوە. لەسەدەی بیستدا تێکڕای خۆپیشاندانی ئەمازیغیەکان سەرکوتکراون بەتایبەت لە: ئەمیزر، جەبەل عەوام، ئەفنی، بەنی بوعیاش، ئەوان بێ دادگا دەستگیرکراوەکانیان کوژراون، چالاکوانەکانیان دورخراونەتەوەو دەست بەسەر مولکو ماڵیان گیراوە. دەستپێکی جینۆسایدی ئەمازیغەکانی مەغریب لەکۆمارە ساواکەیانەوە روویدا لەکۆماری ریف، کە لەساڵی 1921 دامەزرا. کۆماری ریف دەکەوێتە باکوری مەغریب لەسەر لێواری دەریای سپی ناوەڕاست. شاری ئەجدیر پێتەختی بوو، لەلایەن محەمەد عەبدولکەریم خەتابی دامەزرا. ئەم کۆمارە ئەمازیغییە بەهاوپەیمانی داگیرکەری عەرەبو ئیسپانیو فەڕەنسی جینۆسایدی دەرهەق کرا. ولاّتانی گەورەو کۆمەڵی نێونەتەوەیی ئەوکات دانیان نا بەجینۆسایدی ئەو گەلەدا. ئەوان بۆ سەرکوتی ئەو کۆمارە چەکی کیمیایی قەدەغەیان بەکار هێنا.پاش ئەوەی داگیرکاری ئیسپانی لە1921 لەجەنگی ئەنوال شکا، ئیدی چەکی کۆکوژی دەرهەقیان بەکار هێنا. دواتریش بەبەربلاّوی لە1923–1927 بەچڕی بۆردومانی ناوچەکە کراو فڕۆکەکان بۆمبی کیمیاییان بەردەدایەوە، کە مادەکانی ( کلۆر کرین، فوسجین، لابری، دفوسجین)یان تێدابوو. لەگەڵ ئەوەیشدا رێیان لەرێکخراوەکانو خاچی سور دەگرت، کە بەهانای خەڵکەکەوە بچن. لەمیانی کیمیابارانی کۆماری ریف، ڕێکەوتنی جنێف لە1925 هۆشداریی دایە بەکارهێنانی ئەو چەکە، بەلاّم هیچ سزایەکی ئیسپانیاو کۆمپانیا فەڕەنسیو ئەڵمانییەکانی بەرهەمهێنەری چەکەکەیان نەدا. لەو جینۆسایدەدا 400 تەن مەوادی کیمیاییو دەهەزار بۆمب بەکارهێنران. قۆناغی دووەمی جینۆسایدی ئەمازیغ لەلایەن رژێمی عەرەبی مەغریبییەوە بوو لەپاش سەربەخۆبوونیان. لەساڵی 1958و 1959 دا لەسەردەمی مەلیك حەسەن دیسانەوە دژی ریفی ئەمازیغی چەکی کیمیایی بەکار هاتو هیچ لێپێچینەوەیشی دەرهەق نەکرا. تەنانەت تاوەکو ئێستەیش 80٪ی نەخۆشییەکانی شێرپەنجە بەگوێرەی دامەزراوەی تەندروستی عەلەوی لەناوچەکانی مروك ریفی ئەمازیغدا بەکاریگەریی ئەو چەکە کیمیاییە کە نەك مرۆڤ بەڵکو ئاژەڵو ژینگەیشی لەنێو برد. 37

هەروەها لەانفكون ئەیت عەبدی ئوزغمیت كارەساتی مرۆیی دەرهەقیان ئەنجامدراوە. بەدەیان منداڵیان بەكۆمەڵ زیندە بەچاڵ كردووە. محەمەدی شەشەم بەردەوام سوكایەتی بەئەمازیغ كردووەو بەئاشكراو بێ پەردە بەپێپەتیو بێ فەرهەنگ ناوی بردوون. لەسەردەمی حەسەنی دووەمدا كوشتارگەی فراوان دژ بەئەمازیغەكان ئەنجامدراوە. 38 لەمەغریبدا ئەمازیغییەكان پێكهاتەیەكی سیاسیو زمانەوانیو ئیتنین.

ئەوان 60٪ خەڵكی مەغریب پێكدەهێننو لەكۆی 30 ملیۆن ڕێژەیان 19 ملیۆنە. لەساڵی 1942 یەكەم ڕێكخراوی سیاسیان دامەزراند بەناوی "جمعیە قدماو پانویە أزرو". ئەوان خودانی خاكی مەغرین، بەڵام لەئێستادا عەرەب پاكتاوی كردوونو ڕێژەیان 26٪ی مەغریب دەبێت. ئەو ڕێكخراو بووە مایەی ململانێی توند لەگەڵ عەرەبەكان، چونكە كاری دەكرد بۆ پاراستنی ناسنامەی ئەمازیغ . لەساڵی 1958 جوڵانەوەی جەماوەرییان پێكهێنا. لەحەفتاكاندا ئەمازیغەكان بەمەترسی دەزانرانن هەر چالاكییەك هەر ئاخاوتنێك هەر جوڵانەوەیەك هەر هونەرێكی ئەمازیغی بەیاسا سەركوت دەكرا. كاردانەوەی ئەمازیغەكان توندتربوو، لەنەوەدەكاندا 122 كۆمەڵەی ئەمازیغی لەژێر ناوی جیاجیادا لەمەغریب هەبوون، لە1991دا شەش كۆمەلەبەڵێننامەی ئەغادیریان واژۆكرد، كە خواستی جوڵانەوەی ئەمازیغی لەخۆ گرتبوو، كە داوایانكرد لەدەستوردا بناسرێن. لە1994 دا پاشای مەغریب حەسەنی دووەم ناچاركرا زیندانییەكان ئازاد بكرێنو زمانی ئەمازیغی بەسنورداری بخرێتە بەرنامەی خوێندنەوە. لە1999 داحكومەتی سۆسیالیستی عەبدورەحمان یوسفی بڕیاریدا لەمەغریبدا فرەیی ئیتنی هەیە. تا ئەو كات واتە بەدرێژایی سەدەی بیستەم بەبەرنامە كاركراوە، كە ئەمازیغەكان نەتەوە نینو زمانیان قەدەغە بووە. 39 لەدوای دروستبوونی كێشەی ئیسرائیلو عەرەبن هەمیشە ئەمازیغییەكانو تەواوی جوڵانەوەكانیان بەپاساوی بوونی پەیوەندی سیاسەتی ئەمازیغییەكان لەگەڵ ئیسرائیل سەركوتكراون. ئەم پرسە بۆ نەتەوەی كوردیش دروستە. بۆنموونە نەوەی نوێی چالاكی حەفتاكان لەمەغریب كە ئەمازیغ بوون بەتۆمەتی بوونی پەیوەندیان بەئیسرائیل زۆربەیان كوژران. هەروەها دامەزرێنەری پارتی دیموكراتی ئەمازیغی، كە پارتێكی قەدەغەكراوە لەمەغریب پێی وایە: پرسی پەیوەندی ئەمازیغو مەغریب لەلای ئەمازیغەكان بۆ بەرگریكردنە لەخۆیان، چونكە لەلای نەتەوەییو ئیسلامییە رادیكالە عەرەبییەكانەوە دوچاری پاكتاو بوونەتەوە. 40 لەلیبیاشدا تەواوی جوڵانەوەكانی ئەمازیغ سەركوتكراون. سیاسەتی لیبییەكان بەكۆمەكی وڵاتانی عەرەبی بۆ روبەڕوبوونەوەی ئەمازیغو پاكتاوكردنیان بەتایبەتی سعودیەو قەتەر سیاسەتێكی بەربڵاوە. كۆڵۆنێل قەزافی بەئاشكرا جاڕی لەناوچوونی ئەمازیغی دەدا. لەوتارێكیدا دەڵێت:" لەسەردەمی نۆمیدییە كۆنەكانەوە ئەمازیغ نەماون،جارێكی دیكە نایانناسینەوە. ئەوان شتێكی شوێنەوارییو هێمایەكی كۆنی مردونو لەئێستادا شوێن پێی ئیستیعمارنو پێویستە پاكتاوبكرێن". بۆیە لەهەمبەر

ئەم وتارەی قەزافیدا ئەمازیغەكان كۆمەڵی نێونەتەوەیی‌و سكرتێری نەتەوەیەكگرتووەكان‌و ڕێكخراوەكانی مافی مرۆڤیان ئاگاداركردەوە، كە لەبەردەم هەڕەشەی بەئاشكرای لەناو چووندان. هاوكات لەلیبیادا پێچەوانەی ئەمازیغی ولاّتانی دی لەرووی نەتەوەییەوەو لەرووی ئایینییەوە پاكتاوكراون‌و بەفەتوای ئیسلامی‌و بەیاسا مەزهەبی ئەبازی، كە ئەمازیغییەكانی ئەوێ سەر بەمەزهەبی ئەبازین قەدەغەكرا. 41 لەجەزائیریشدا بەهەمان شێوە ئەمازیغییەكان پاكتاودەكرێن‌و بەیاسا بونیان قەدەغە بووە. لەپاش سەربەخۆبوونی جەزائیر سیاسەتی ئەو ولاّتە بریتی بوو لەسڕینەوەی ئەمازیغەكان. ئەحمەد بن بلەی سەرۆكی جەزائیر لە5ی تەموزی 1962 رایگەیاند:"بەعەرەبكردن پێویستە، لەبەر ئەوەی سۆسیالیزم بەبێ سیاسەتی بەعەرەبكردن‌و داهاتوو بەبێ عەرەبگەرایی لەم ولاّتەدا بوونی نییە". هەروەها هواری بومیدین لەمەرسومێكدا لە26ی نیسانی 1968 رایگەیاند:" هەمو هاولاّتییەكی جەزائیری لەسەری ئەركە، كە زمانی عەرەبی بەكاربهێنێت". هەروەها لەسالاّنی 1974و 1977 دا دەسەلاّتی جەزائیری هەرناوێكی ناعەرەبیان قەدەغەكرد. 42 لەجەزائیرداو لەساڵی 1962 هەمو هاولاّتییەكی ناعەرەب نا پەسەندە. لەروانینی دەوڵەتدا ئەبازی‌و ئەمازیغ گرفتی گەورەن. رژێم بەردەووام ئیسلامییە رادیكاڵەكانی تا ئاستێك لەرێی دەزگای هەواڵگرییەوە راهێناوە بۆ تیرۆری هەموو چالاكوان‌و هونەرمەندو كەسایەتییەكی ئەمازیغی‌و لەتێڕوانینی خەڵكیدا بەكافر وێنایان كردوون. هەروەها سیاسەتی هەڵكەندنو دورخستنەوەو داگیركردنی سەروەت‌و سامانی ئەمازیغیەكان‌و پەراوێزخستنیان لەسەربەخۆبوونی جەزائیرەوە بەردەوامە، بۆنموونە لە1962 سیاسەتی دەركردنی ئەمازیغییەكانی زاب گیراوەتەبەرو لەشوێنیان عەرەبی شەعامنە نیشتەجێكراون. بەگشتی لەسیاسەتی ولاّتانی عەرەبیدا بۆ پاكتاوی ئەمازیغییەكان‌و سەركوتیان پاساوی دەستی دەرەكی دەهێنرێتەوە، ئەوان پێیان وایە ئەمازیغیەكان پێش داگیركاری فەڕەنسا لەنیوەی یەكەمی سەدەی نۆزدە خۆیان بەعەرەب زانیوەو زمانی عەرەبیان بەزمانی خۆیان زانیوە. پێیانوایە موبەشیرو هەواڵگرە خۆرئاواییەكان تۆوی ناسیۆنالیزمی ئەمازیغیان چاند. بۆنموونە كاردینالّ لافیجری CH.M.Lavigerie نمونەیەكی دیارە لە1867 دا وتویەتی ئێوەی ئەمازیغی خاوەنی خاك‌و كەلتورو زمان‌و نەتەوەی خۆیانن. هەروەها فەرەنسییەكان ئەكادیمیای بەربەریان دامەزراندووەو لە1930 پاشای مەغرییبیان ناچاركردوە بەربەر بناسێت. 43 بەشێوەیەكی گشتی لەتەوەاوی ولاّتانی عەرەبیدا نەتەوەی ئەمازیغ لەرووی كلتورو فەرهەنگ‌و ئاداب‌و زمانەوە بەدرێژایی سەدەی بیستەم نە لەرووی سیاسی نە لەرووی كەلتوری نەلەرووی یاساییەوە ناسنامەی لێزەوتكراوو بەبەرنامە كار لەسەر سڕینەوەیان دەكرا.

## دووەم- فاكتەرو فۆرمی جینۆساید بەرامبەر بەكورد لەسەدەی بیستەمدا

سەدەی بیستەم سەدەی چەوسانەوەو دابەشكردن‌و پەرتەوازەبوون‌و پاكتاوی رەگەزی‌و زمانەوانی‌و

كەلتورىو ناسنامەى كورد بوو. بوونى نەتەوەيى كورد لەپاش هەلّوەشانەوەى عوسمانيەكان پەرتەوازە كراو ناسنامەى نەتەوەيشيان لەچوارچێوەى دەولّەتە سيكيۆلارە ستەمكارەكانى عەرەبو توركو فارس، كە خۆيان لەئێراقو ئێانو توركياو سوريا دەبينييەوە توايەوە. لێرەدا نموونەى باكورى كوردستان وەك جينۆسايدى گەلى كورد بەنموونە دەهێنينەوە. لەتوركيادا دەسەلاّتى پارتى گەلى كۆمارى لەماوەى 27 سالّداو لەسايەى رژێمێكى تاك حزبيدا، بريتى بوو لەسياسەتى نكۆلّيكردن لەهەبوونو قڕكردنى كورد وەك نەتەوەيەك. 44 توركيا بەشداريى جەنگى جيهانى دووەمى(1939ــ1945) نەكرد، لێ لەماوەكانى جەنگدا لەكۆى نيو مليۆن سوپاى ولاّتەكەيدا، كە خۆى لەچوار لەشكرى سەرەكى دەبينييەوە، دوو لەشكريان لەباكوورى كوردستان دا جێگيركرابوون. 45 ئەگەر هێزى پۆليسو كۆماندكانيشى بخەينەسەر، ئەوا 3/2ى هێزى چەكداريى تورك لەباكوورى كوردستاندا مۆلّببوو لەبەرئەوە كوردستان ببووە داگيرگەيەكى سەربازيى توركو بەدرێژايى 500 كيلۆمەتر لەسنورى هاوبەشى سۆڤيەتو توركيا دا سوپاو بنكە سەربازييەكان جێگيركرابوو. 46 چاودێران پێيان وايە توركيا بۆيە بەشدارى جەنگى نەكرد، چونكە لەو راستييە تێگەيشتبوو، كە هەر پشتيوانى كردنێكى لەئەلّمانياى هيتلەرىو هەر بەشدارييەكى سوپاكەى لەجەنگدا، كوردى دەهێنايە بيرو هۆشى سەندنى مافەكانىو فرسەتى مژولّبوونى توركيايان دەقۆستەوە. لەم بارەيەوە بالّوێزى ئەلّمانيا لەتوركيا (فون پابن) زياتر جەخت لەبارەى ئەم راستييەوە دەكاتەوە، چونكە ڕايگەياندبوو:" توركيا بەرايى نەدەدا خۆى بەشەڕى جيهانييەوە خەريك بىّو كورد كەلّك لەو دەرفەتە وەربگرێت تاوەكو سەربەخۆيى بەدەست بهێنێت". لەلايەكى تريشەوە هاوپەيمانان بەرژەوەندييان لەگەلّ نەزمى بندەستكردنى كوردا بوو لەتوركيا ، هەربۆيە لەسالاّنى جەنگى جيهانى دووەمدا توركيا مكوڕبوو تا دەڤەرە كوردييەكان بەنێوچەى بارى نا ئاسايىو قەدەغە كراوى بهێلّێتەوە. 47

لە29ى ئازارى 1946 دا دواى دوو مانگ لەدامەزراندنى كۆمارى كوردستان، لەئەنقەرەى پێتەختدا ئێراقو توركيا واژۆى ڕێكەوتنێكيان كرد، لەو نێوەندەشدا دەولّەتى توركيا، تەنىّ كوردى بەهەڕەشەو گوڕەشە دەزانى، نەك هزرى كۆمۆنيزمو سۆڤيەت. بۆ نموونە دەسەلاّتدارانى توركيا پێش ڕاگەياندنى كۆمارو لەبەهارى 1945دا بەبيانوى جموجولّى كوردايەتى لەدياربەكرو گەڤەر دا 120 كەسايەتىو سەرۆك هۆزى كورديان بەزيندوويى هەلّواسى. 48 هەر لەم بارەيەوە پەيامنێرى ڕۆژنامەى (مانچێستەر گارديانى) ئينگليزيى لەژمارەى ڕۆژى (1946/12/26) دا بلاّويكردەوە كە حكومەت لەسەرەتاى 1946دا كەوتۆتە ڕاگواستنو هەلّكەندنى كورد لەزێدى خۆيان. 49 بەمجۆرە شكست پێهێنانى كۆمارى كوردستان لەماوەى دەركەوتنى (جەنگى سارد) دا كۆتايى بەنێونەتەوەيى كردنى پرسى وروژاوى كورد هێنا ، تەنانەت پرسى كورد لەئەجێنداى كارنامەى نێودەولّەتيشدا تا ماوەى 45 سالّ

دەرنەكەوتەوە. 50 بارودۆخی ژيانی سياسیو ئابوریو كۆمەلأيەتی كورد لەو قۆناغەدا لەدژوارترين ئاستدا بوو. لەم بارەوە ڕۆژنامەی (سۆن پۆستە) لە11ی نيسانی 1946دا نووسيبووی:" لەكوردستان نە سەنعەت هەيەو نە كشتوكاڵو نە بازرگانی، خەڵك پێيان وايە دەوڵەت يانی باجگرو پۆليس"،51 هەروەها دەنوسێت:"ئەگەر دراوسێكانمان نايانهەوێ بڕوخێن، ئەوا پێويستە هەميشە ووريای كورد بن".52

مێژوونووس (ئە. نۆخۆسيلۆڤ) دەڵێ:" 1949 بەبێ ئەوەی لەتەنها ڕۆژنامەيەكدا باس بكرێ، لەشەش مانگی ئەو ساڵەدا، 22 ويلايەتی توركيا 323 پێكدادانی چەكدارانەی لەنێوان جوتياران لەلايەكو ژاندرمەو هێزەكانی تورك لەلايەكی ترەوە بەخۆوە بينيوە".53 ئەم ڕەوشە بەهاتنە پێشەوەی رژێمی فرە پارتايەتيش كۆتايی نەهات، بەڵكو رژێمی فرە پارتايەتی لەچەند روويەكەوە بەشێوەيەكی نەرێنی كاريگەريی خراپی بۆ سەر پرسی نەتەوايەتی كورد هاوردە پێش. بەمشێوەيە هەمان گەمەی سەردەمی ئەتاتوركی لەڕامكردنی كورد بۆ درێژەدان بەڕەوتی راميارييو توانەوەی نەتەوەييان دووبارەكردەوە. 54 توركيا هەوڵی دا بەيارمەی كۆمەڵی نێونەتەوەييو هەرێمی لەرێی ناتۆو پەيمانی بەغدا پرسی كورد بندەستبكات. لەيادداشتنامەی كۆمەڵێ نوسەرو رۆشنبيری نەتەوەيی كورد لەهەندەراندا، كە هەر سەبارەت رێكەوتنكانی توركيا درابوويە نەتەوە يەكگرتووەكان هاتبوو:" ئامانجی سەرەكیو بنەمای ئەم ڕێكەوتننامەيە، كەمەبەست پاكتی بەغدايە. بۆ لەناوبردنی ميللەتی كورد هاتووەتە كايەوە".55

بەبڕوای چاودێرانی سياسی نێزيكی ئەمەريكاو توركيا لەناتۆ دا بەشێوەيەكی سەرەكی گرێدرا بوو بەپرسی كوردەوە. تەنانەت لەم پێوەندييەدا توركيا مژوولی بەدەستهێنانی چەكی كۆكوژيی كيمياييو بايەلۆجی بوو. بۆنموونە لەم هەوڵەيدا ناوەندێكی تايبەتی بەو چەكە قەدەغەكراوانە دروستكردو56 هەروەها لەئەزموونی كوشتاريی هاولأتيانی كۆريايی بەچەكی كيمياييو بايەلۆجی كەڵكی وەرگرت. نيازی توركيا گەيشتبووە ئاستێك كە د.جەمال نەبەز دەڵێ:"ڕژێم تەمای بوو لەحاڵەتی هەر شالأوێكی شورەويدا، پاساوی دەستبكەوێتو هەموو كوردستان بەبۆمبی ئەتۆمی لەنێو بەرێت، ئەم نيازە لەكۆدەتای 14ی تەمووزی 1958دا ئاشكرا بوو". هەرچەندە دەستكەوتنی بۆمبی ئەتۆمی كارێكی ئەستەم بوو، وەلێ بۆچوونەكەی دكتۆر جەمال نەبەز دەكرێت ئەوەی لێبخوێنرێتەوە كە تارادەی قڕكردنی نەتەوەی كورد، شوناسی كورد بەمەترسیو شيمانەيەكی سامناك زانراوە.

هاوكات لە(26/ 2/ 1954) دا توركيا دەسەلأتی ئەوەيدا بەئەمەريكا، كە بنكەی سەربازیو شۆڤاری لەسەرانسەری وولأت دا قوتبكاتەوە، بەتايبەتی لەنێوچە كوردييەكاندا. هەر بەهاندانی ئەمەريكا تەنها بۆ دژايەتی كورد، توركياو ئێراقو ئێران هەڵوێستيان يەكخراو زێدەتر لێكنزيكبوونەوە. 57 بۆنموونە لە1955 دا توركيا پاكتی (بەغداد)ی دەگەڵ ئێراقو ئێرانو پاكستان

دژی كورد واژۆكرد،58 ئەم پاكتە هەندێ لەخاڵەكانی ڕاستەوخۆ دژی كورد بوون، ئەوەتا لەماددەی یەكەمی پەیماننامەكەدا هاتبوو:" دەتوانرێ ڕێكەوتنی دوو قۆڵی لەنێو ولآتە بەشداربووەكانی پەیماننامەكە ببەسترێ، وەك ڕێكەوتنی نێوان توركیاو ئێراق لە1946 دا".59

بەمجۆرە لەسەرەتاوە ستراتیژی حكومەت لەبەرامبەر كورد دا بریتی بوو لەبەكارهێنانی كوشتن‌و زیندانی بەكۆمەڵ‌و ئە شكەنجەی خەڵ . بەشێوەیەك لەكۆی 635 گرتووخانەی سەرانسەری توركیادا نیوەیان لەنێوچە كوردییەكاندا دروستكرابوون، گرتوخانەی دیاربەكر ناودارترین زیندانی ئەشكەنجەو بەندكردنی تێكۆشەرە كوردەكان بوو. 60 زیندانیەكانی دیاربەكر لەڕووی فیزیكییەوە لەڕەوشێكی خراپدا بوون‌و تەنها پەیكەری ئێسكیان مابوو، بەندیەكان ناچاردەكران سرودی نیشتیمانی توركی بچڕن‌و داوایان لێدەكردن ببنە جاش‌و جاسوس، هەربۆیە هەندێك جار زیندانییەكان لەو ڕەوشەدا پەنایان دەبردە بەرخۆ كوژیی. 61بۆ نموونە لەگرتوخانەی دیاربەكردا 40 لاوی كورد كە ملیان نەدا بڵێن (ڕووسورین، چونكە توركین) لەژێر ئەشكەنجەدا گیانیان سپارد. 62 لەڕۆژنامەكانی خۆرئاوادا پێشێلكاری مافی مرۆڤ لەو زیندانانەدا دەنگدانەوەی مەزنی هەبوو. 63لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی (گاردیانی بەریتانی) نووسیبووی:" لەتوركیا بەربەریەت دژی 12 ملیون كورد ئەنجام دەدرێ".64هاوكات یەكە سەربازییەكان لەنێوچە كورد نشینەكاندا لاوانیان كۆدەكردەوەو بەكۆمەڵ سزایان دەدان. بۆ نموونە (موسا عەنتەر) دەگێڕێتەوە:" لەشارۆچكەكەماندا (ئاكارسو) بەبێ پرس دەهاتن ماڵەكانیان دەپشكنی‌و گەنجانیان كۆدەكردەوەو هەڵیان دەواسین". بەگشتی ڕێژەی ئەوانەی لەكودەتادا تۆمەتباركران گیشتنە 120,000 كورد، كە20 هەزاریان بەتۆمەتی ئاژاوەی جوداخوازی‌و تیرۆر حوكمدران. 65 بەمجۆرە لەئاكامی رامیاریی توندوتیژی دەوڵەتدا لەپاش ساڵێك لەكودەتای سەربازی (بولنز ئولوصو) سەرۆكی هێزی دەریایی‌و ئەندامی بالآی كۆدەتای 1980 لەدیداریكی ڕۆژنامەوانیدا وتبووی:"كۆمۆنیست‌و كورد بەتەواوەتی نەماون لەڕۆژهەلآتدا". بەلآم ڕەوشی زیندانەكان ڕاستی ئەوقسانەی جەنەڕاڵەكانی دەدایە دواوە، چونكە تا ساڵی 1982 زیاد لە81 هەزار راپێچی گرتووخانەكان كران‌و 3/2 سوپای تورك لەباكووری كوردستاندا هەر مابوویەوە.66 لەنەوەدەكانیشدا باكوری كوردستان هەر لەگێژاوی سیاسەتی پاكتاوی ڕەگەزیدا بوو دژ بەكوردو نكولی لەناسنامەی كوردبوون دەكرا. لەباشووری كوردستانیش بەهەمان شێوە لەدروستبوونی عێراقەوە كورد نەتەوەیەكی بندەست بوون‌و هیچكام لەمافەكانیان پێ ڕەوا نەبینرا. بەڵكو كیمیا بارانی هەڵەبجەو خنكانی 5000 خەڵكی سیڤیل‌و برینداربوونی 10000 هاولآتی لە16ی 3ی 1988 دا نمونەیەكی بەرچاوی سیاسەتی قڕكردنی كوردن، هاوكات ئاوارەبوون‌و كوێركردنەوەی تەواوی دێهاتە كوردییەكان‌و دروستبوونی كۆمەڵی زۆرە ملی‌و بەسەربازگرتن‌و قەدەغەی كەلتورو عاداتی كوردی‌و سیاسەتی بەعەرەبكردن دیارترین نموونەی

رژێمـــی دیکتـــاتۆی ســـەدامو بەعســـییەکان بـــوون. لـەرۆژهەلاتی کوردستانیشدا بەهەمان شێوە کورد پاکتاو کراوەو لـەسەردەمی پەهلـەوییەکانو سـەردەمی ئێسـتاش زمانی کـوردیو پـارتی کـوردی بونیـان نییـەو زینـدانی سیاسیی کوردو ئازادیو مـافی هـاولاتیبوون دیـارترینو پرترین زانیـاری رێکخراوەکـانی مـافی مرۆڤـە دەرهـەق بەبوونی نەتەوەیی کورد لـەو پارچەیەدا.

## (4.4) بەراوردی جینۆسایدی کوردو ئەمازیغ لەسەدەی بیستەمدا

نەتـــەوەی کـــوردو ئـــەمازیغ وەکـــو دوونەتـــەوەی دابەشـکراوی بـێ دەولـەت لـەرۆژهـەلاتی ناوەڕاسـتداو لـەکیشوەرەکانی ئاسیاو ئەفریقا، گەلێ تایبەتمەندیو خالی هاوبەش سەبارەت بەمافی چـارەی خۆنوسـینو مێـژووی تاریكو بندەستو پەراوێزخراویان هەیە. لـەم تەوەرەیەدا بەچەند خالێك بـەراوردی جـۆرو شـێوازی جینۆسـایدو پاکتاوی جەستەییو فیزیاییو کەلتوریو زمانـەوانی ئـەم دوو نەتەوەیە دەکەین. کوردو ئەمازیغ وەکو دوو نەتەوە لـەسـەردەمی فتوحـاتی ئیسـلامیو دەسـتپێکی مێـژووی سەدەکانی ناوەڕاسـتی ئیسـلامییەوە بریتیبـوون لـەو دوو نەتەوەی ناعەرەبەی کە لـەپاش فتوحاتی نیمچە دورگـەی عەرەبییەوە ئاشنا بـوون بەئیسـلام. واتـە ئیمپراتۆرییـەتی ئیســـلامی لەســـەردەمی خەلیفـــەکانی راشـــیدینەوە لـەدەروازەی رۆژهەلاتەوە رووبـەرووی نەتـەوەی کـورد بووەتەوەو لـەدەروازەی رۆژئاواوە رووبەرووی نەتـەوەی ئەمازیغ بوونەتەوە. هـەردوو نەتـەوەی کـوردو ئـەمازیغ لـەسەدەی حـەوتو هەشتی زاییـدا موسـلمان بـوون.

هەردوو نەتەوە خودانی فۆرمی تایبەتی ئیسـلامی بـوونو تێکـــەلێ بەرێچـــکانی ئیســـلامی دیـــاریکراو بـــوونو خەواریجەکان لـەنێویاندا بلاو بوونەتەوە. هەردوو نەتـەوە رۆلی گەورەیان لـەسەرخستنی پرۆژەی فتوحاتی ئیسلامی دیوە لـەرۆژهەلاتو رۆژئاوادا. هەردوو نەتەوەش وەکـو یەك لـەسەردەمی دەسەلاتی ئومەویەکانـەوە رووبـەرووی تەعریب بوونەتـەوەو مێـژووی جینۆسـایدی زمانـەوانیو کـــەلتورو فەرهـــەنگیان دەگەڕێتـــەوە بـــۆ ســـەردەمی ئومەوییەکان. لـەسەدەی بیستەمداو پاش ئەوەی دەسەلاتی عوسمانی بۆ ماوەی پێنج سەدە حـوکمی هـەردوو نەتـەوە دەکات، ئیمپریالیزمی خۆرئاوا لـەمیانی جـەنگی جیهـانی یەکەمدا ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دەڕوخێنێت. بۆیـە لـەو قۆناغـــەی دروســـتبوونی دەولـــەتی نەتـــەوەدا لـــەو کیشوەرانەی ژێر چنگی عوسمانییەکانـدا تـەنها ئـەمازیغو کوردەکان بێ دەولـەت دەمێننـەوەو لـەمیانی رێکەوتنـە نهێنییەکانی کاتی جەنگدا نەك هەر بەبێ بوونی دەولـەت ئەم نەتەوانە دەمێننەوە، بەلکو دابەشدەبن بەسەر نەتـەوە بالادەسـتە کۆلۆنیکراوەکـانی خۆرئـاوادا. ئەمازیغـەکان لـەناو بۆتـەی چـەند ولاتێکـی رامکـراوو دروسـتکراوی خۆرئـاوا بەتایبـەت ئیمپریـالیزمی فەڕەنسـیو ئیسـپانیدا دەتوێنەوە، کوردیش لـەمیانی رێکەوتنی سایکس بیکۆداو لـەدەرهاویشتەی چەند رێکەوتنێکی تردا دابـەش دەبێـت بەسـەر تورکیـاو ئێـراقو ئێـرانو سـوریادا. وەك چـۆن ئەمازیغەکانی باکوری ئەفریقا بەسەر مەغریبو موریتانیاو جەزائیرو تونسو لیبیادا دابەش دەبن. لێرەوە جینۆسایدی هاوچـــەرخی نەتـــەوەی ئـــەوازیغو کـــورد دەســـت

پێدەكات.67 كـە دەكرێـت لـەم خالانـەی خـوارەوەدا بەراوردیی بكەین:

يەكەم–هەردوو نەتـەوەی كـوردو ئـەمازيغ لـەلايـەن نەتــەوەكانی ژێــر ئينتيــدابی بــەريتانياو فەرەنســا لـەچوارچـێوەی ئـەو ولاتانـەی وەك عێـراقو جـەزائير دەژيان،بەكاردەهێنرێن تـاوەكو سـەربەخۆ دەبـن، دواتـر سياسەتی چەوسانەوەيان دەرهەق دەگيرێتە بەر.

دووەم– خۆرئاواو پشتيوانی مافی نەتەوەيیو خواستی رێكخستنو كۆمەلـەرۆشـنبيریو نەتەوەييـەكانی كـوردو ئەمازيغ ناكات.68

سـێهەم– هەلكەوتـەی جيۆپۆلـەتيكیو تۆپـۆگرافی كوردو ئەمازيغ جياوازە، بۆيە لـەكوردستاندا لـەبەرامبـەر سياســەتی پاكتــاوی رەگەزيــدا خــەباتی چــەكداريی سەرهەلدەداتو شۆڕش دەكرێـت، بـەلام ئەمازيغـەكان ناتوانن شۆڕشی چەكداری بكەنو زياتر خەباتی مـەدەنی دەگرنە بەر.

چـوارەم– كـورد لـەرووی نەتەوەييـەوە جينۆسـايد دەكرێنو لـەئەنفالـەكاندا بەناوی ئايينەوە 182 هەزاريان لێ قڕكران. ئەمازيغەكان بەردەوام لـەرووی نەتـەوەيیو زمانـەوانیو ئايينـەوە جينۆسـايد كـراون، چـونكە نـە ئـەمازيغو نەمەزهـەبی ئـەبازی ئـەوان لـەهيچ دەسـتوورو ياسايەكی ولاتانی عەرەبيدا رێی نەدەبويەوە.

پێنجەم– لەجينۆسايدی كوردا ولاتـانی داگيركـەری كوردسـتان هەماهـەنگ بـوون، بۆنمونـە پەيمانـە چـوار قۆلـيەكانی ئەنكەرەو بەغداو ديمەشقو تارانو رێكـەوتنی بەغــداد1955، رێكــەوتنی ســەعد ئابــاد 1937.

لەجينۆسايدی ئەمازيغيشدا ولاتانی عەرەبی دەست لـەناو دەست بوون، بۆنموونە ليبياو سعوديەو قەتەرو جەزائير.

شەشەم– بۆ جينۆسايدی ئـەمازيغو كـورد بـەردەوام ولاتانی عەرەبی ئيسـرائيليان كـرد بـووە فاكتـەرێك بـۆ ئەوەی كورد بەئيسرائيلی دووەمو ئەمازيغ بەدەستكەلای ئيسرائيل بزانن، ئەمەش جگـە لـەپاسـاوێك هيچـی ديكـە نەبوو تاوەكو پلانی جينۆسايد راپەڕێنن. چونكە خواسـتی مافی سەرەتايی هەردوولا پەيوەندی بـەوەوە نـەبوو، كـە ئەمانە پرۆژەی ئيسرائيل بن.69

حەوتەم– لـەجينۆسايدی هەردوو نەتـەوەدا كۆمـەلی نێونەتەوەيی هەلوێستی جدی نەگرتووەتە بەر، دۆسـيەی جينۆســايدی كــوردو ئــەمازيغ وەكــو جينۆســايدی هۆلـەكۆستو يوگسـلافياو ئەرمـەن نەبووەتـە پرسـێكی جدیو فـەرمی. جولانـەوەی رزگـاريخوازی هـەردوو لا كەمتەرخـەمو لاواز بـوون لـەگەيانـدنی ئـەو دەنگـەداو كۆمەلی نێونەتەوەييش بەهەند وەريان نەگرتووە.

هەشــتەم– زانايــانی ئيســلامی لەهەمبــەر پرســی جينۆسايدی ئەم نەتەوانە نـەك هـەر كەمتەرخـەم بـوون، بەلكو بەشێك لـەفـەتواكان بـۆ قڕكردنـی ئـەم نەتەوانـە لەلايەن زانايانی ئايينييەوە دراون.

نۆيەم– پەيوەندی ئەمازيغو كورد تەنێ پەيوەنديـەكی عــاتفیو لاوەكـیو دوراو دوور بـووە نـەتوانراوە سـود لەئەزموونی يەكتری ببينـنو هەماهـەنگی دروسـتبكەنو پێكەوە دەنگێكی بەهێزترو بەرزتر بدەن بەرووی كۆمەلی نێونەتەوەييدا.

دەیەم- نەتەوەی کوردو ئەمازیغ لەخەباتی رزگاریخوازیاندا نەیانتوانیوە خاوەنی گوتارێکی یەکگرتوو بن، دیاردەی پەرتەوازەیی‌و پەستانی جیاوازییە ئایدیۆلۆژییەکان لەسەریان لەتمەی گەورەی سرەواندووەتە خەباتی رزگاریخوازییان.

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا گەلێ ئەنجام دەخوێنرێتەوە لەوانە:

نەتەوەی کوردو بەربەر لەو نەتەوانەن، کەخوای گەورە دروستی کردوون‌و مافی ژیانی پێبەخشیون‌و خاوەنی زمان‌و شارستانیەت‌و داب‌و نەریت‌و خاك‌و زەوی خۆیانن.

هەموو فۆرمەکانی جینۆساید لەسەدەی بیستەمدا دەرهەق بەنەتەوەی کوردو ئەمازیق ئەزموون کراوە.

هیچ کات کۆمەڵی نێونەتەوەیی‌و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لەحاست جینۆسایدی ئەم دوو نەتەوەیەدا دەنگیان هەڵنەبریوەو هەڵوێستیان نەبووە.

گەلی ئەمازیغیش وەکو گەلی کورد نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی یەکگرتوو چوارچێوەیەکی پەیوەست بەخەباتی رزگاریخوازی دابرێژن‌و تێکەڵ بەئایدیاو ئایدیۆلۆژیای بەتەسك بوونەتەوە.

هەردوو نەتەوە کوشتەی سیاسەتی تۆمەتبارکردنن بەئیسرائیل‌و ئیسرائیلیش لەئاستی پێویستدا کەمترین بەدەمەوەچوونی بۆ ئەو نەتەوانە نەبووە.

ئەو رژێمانەی جینۆسایدی ئەم نەتەوانە دەکەن، بەعەقڵێکی ستەمکارو سیکۆلاریزمێکی توندرە ئاراستە دەکرێن بەڵام بەردەووام ئامرازی ئایینی بەکاردەهێنن بۆ سەرکوتی جوڵانەوەکان‌و پاکتاوکردنیان.

## پەراوێزەکان

1. James Hughes; Genocide and ethnic conflict, http://eprints.lse.ac.uk/26063/1/Genocide_and_ethnic_conflict_(LSERO_version).doc.pdf.

2. Iryna Marchuk; Current Development of theConcept of Genocide, Master´s Programme in International Human Rights Law,2007,p15.

3. رافائیل لیمکین، خاوەن‌و دانەری دەستەواژەی جینۆساید، لەساڵی 1900 لەخانەوادەیەکی "پۆڵۆنی –یەهودی" لەدایك بوە. رافائیل، دوای ئەوەی خانەوادەکەی لەلایەن نازییەکانەوە روو بەڕووی کوشتن‌و لەناوبردن دەبێتەوەو پێش ئەوەش لەتەمەنی شانزە ساڵیدا، کە سەرەتای پێگەیشتنی بوەو کەم‌و زۆر ئاگاداری کۆمەڵکوژی "جینۆساید"ی ئەرمەنەکان بوە لەسەردەستی عوسمانیەکان، ئەو باوەڕەی لادرووست بوە کە پێویستە یاسایەك هەبێ بۆ پاراستنی تەواوی کۆڕو کۆمەڵەمرۆڤەکان. هەروەك زۆر سەرچاوەی تریش هەیە، مکوڕن لەسەر ئەوەی بەشێکی بیرکردنەوەکانی "رافائیل" لەژێر کاریگەری لەدەستدانی ئەندامانی خێزانەکەی، لەم بارەوە "دەستەواژەی جینۆساید" بەهێزتر بوە، تا گەشتوەتە ئەو ئاستەی "جینۆساید" بەرامبەر ئەو جۆرە تاوانە دابنێ، کەلەسەرەوە رووکنەکانیمان باسکرد. Iryna Marchuk; op,p10.

4. https://encyclopedia.ushmm.org/content/ar/article/what-is-genocide.

5. Iryna Marchuk;op,cit,p15.

6. : Ibid, p16.

7. Lawrence J. Leblanc: The United States and the Genocide Convention, Duke University Press, London, 1991. p11.

8. د.أبو الخير أحمد عطية: المحكمة الجنائية الدولية الدائمة، دار النهضة العربية، القاهرة، 1999.

9. فراراجی جویلة: مبدأ حق الشعوب في تقرير مصيرها بين النظرية والتطبيق/ www.bejaiadroit.net/.../3-droit-penal-international

**10.** https://www.researchgate.net/publication/264154954_The_Rwandan_Genocide_A_Case_Study?fbclid=IwAR2frejjVgTo55QXRtCXX56ZvbU2PGnMsA8FTry3n3fAtHmBo1vzQhMOYSs.

**11.** الدكتور حسام علي الشيخة: جرائم الحرب في البوسنة والهرسك، دار الجامعة الجديدة، الإسكندرية، 2004.

**12.** Leo Kuper: International Action against Genocide, Minority Rights Group, 1984.

**13.** VAHRAM AYVAZYAN; Genocide: Intent, Motivation and Types, file:///C:/Users/parwa%20pc/Downloads/Ayvazyan_ST_2012.pdf.

**14.** Maya Abdullah : THE RIGHT TO SELF-DETERMINATION IN INTERNATIONAL LAW, University of Göteborg,006,p42.

**15.** كەمال بوركاى:كوردو كوردستان،و:عەلى فەتحى،چ1، چاپخانەى منارە، هەولێر، 2008، ل(539–540).

**16.** احمد نورى زادە: تاريخو فرهنگ ارمنستان،نشر چشمە، تهران، 1376،ص75.

**17.** هـ،س،ص89.

**18.** مامەند رۆژە: ئەرمەنۆسايد، چاپخانەى تيشك، سلێمانى،2008،ل107.

**19.** د.عبدالرحمان قاسملوو: كوردستانو كورد، و: عبداللە حسن زادە،چاپخانەى رۆژهەلات، سلێمانى،2006، ل74.

**20.** كۆمەڵەو رێكخراوە كوردييەكان لەبەڵگەنامەكانى هەردوو وەزارەتى دەرەوەى بەريتانياو فەرەنسادا (1981 ـ 1933) ، و. نەجاتى عەبدوڵا، بنكەى ژين، سلێمانى، 2007، ل15.

**21.** رابرت السن : مساله كرد وروابگ ايران وتركيه، ت. ابراهيم يونسى، چ1، انتشارات پائيز، تهران، 1380، ل 45 .

**22.** http://www.al-monitor.com/pulse/originals/2016/03/turkey-iraq-syria-kurdsmassoud -barzani-interview.html.

**23.** د. عربى عقون: الامازيع عبر تاريخ، ص4/ http://www.m.ahewar.org/s.asp?aid=172205&r=0

**24.** van Heelsum, Anja:Moroccan Berbers in Europe, the US and Africa and the Concept of Diaspora.

**25.** الحركة الأمازيغية: النشأة والمسار (لمحة موجز) http://www.amazighworld.org/arabic/history/index_show.php?id=1356

**26.** كوسلا ابشن: الامازيغية والنضال الامازيغي التحرري http://www.m.ahewar.org/s.asp?aid=329204&r=0

**27.** Ali Oubarka; The Berber Identity Movement and the Challenge to North African States - Bruce Maddy-Weitzman,2011, p88.

**28.** Ali Oubarka; op,cit,p101

**29.** Ali Oubarka,p 111.

**30.** گۆرانيبێژو مۆسيقارو شاعيرى قبائلى جەزائيرى بوو، لەنێزيك شارى تيزى وزو تيرۆركرا لەساڵى 1998. كۆمەڵى ئيسلامى جەزائيرى بەرپرسياريەتى لەتيرۆركردنى راگەياند، كە بەپشتيوانى دەزگاى هەواڵگرى جەزائرى ئەوكارەيان كرد. MATOUB LOUNES – A lifetime dancing with death; http://www.andymorganwrites.com/matoub-lounes-a-life-that-danced-with-death

**31.** Sarah R. Fischer; Amazigh Legitimacy through Language in Morocco, H UMAN R IGHTS & H UMAN W ELFARE.2001.

**32.** د.الحسن العسال: النزعة القومية الأمازيغية/ http://howiyapress.com/3431-2

**33.** Sarah R. Fischer; Amazigh Legitimacy through Language in Morocco, H UMAN R IGHTS & H UMAN W ELFARE.2001.

**34.** Samir Ben-Layashi; Secularism in the Moroccan Amazigh Discourse, The Journal of North African Studies Volume 12, 2007 – p48.

**35.** مبارك بلقاسم: ما هو تعداد الشعوب الأمازيغية؟ https://www.hespress.com/writers/379510.html

**36.** Ursula Lindsey: The Berber Language: Officially Recognized, Unofficially Marginalized?27 july 2015L https://www.al-fanarmedia.org/2015/07/the-berber-language-officially-recognized-unofficially-marginalized/

**37.** Abd el Krim and the Republic of the Rif- https://www.roughguides.com/destinations/africa/morocco/mediterranean-coast-rif/chefchaouen-al-hoceima/abd-el-krim-republic-rif/

**38.** Joan E. Gross David A. McMurray; Berber Origins and the Politics of Ethnicity in Colonial North African Discoursel https://anthrosource.onlinelibrary.wiley.com/doi/pdf/10.1525/pol.1993.16.2.39.

**39.** عبد السلام رزاق: الأمازيغ بالمغرب.. معطيات وتحديات https://www.aljazeera.net/specialfiles/pages/c74a00b2-dbbb-4290-b546-bc853aea9805

**40.** Bruce maddy-weitzman: the limits and potentials of Israel- Maghreb relations,ipris Maghreb review, august 2010, p15.

**41.** https://anthrosource.onlinelibrary.wiley.com/doi/pdf/10.1525/pol.1993.16.2.39.

**42.** Bruce Maddy-Weitzman; A turning point? The Arab Spring and the Amazigh movement, 27 Apr 2015, Published online,p214.

**43.** Bruce Maddy-Weitzmanop,cit,p344.

**44.** تورکیا 66 کەمایەتیو نەتەوەی جیاوازی تێدایە، کە نەتەوەی تورك‌و کورد زۆرینەی نەتەوەیی پێکدەهێنن.( یوسف أبراهیم ألجهمانی: ألعلویون فی ترکیا، گ1، دارحوران، دمشق،1999،ل81-82).

**45.** کەندالّ نەزانو ئەوانیتر: گەلێکی پەژموردەو نیشتیمانی پەرت (کوردو کوردستان)، و: گۆمەیی، چ1، سوید، 1998،ل150.

**46.** گوێنتەر دێشنەر: کورد گەلێ لەخشتە براوی غەدر لێکراو، و:حەمەکەریم عارف، چ1، دەزگەی ئاراس، هەولێر،2004، ل117 .

**47.** عەزیز شەمزینی: جولانەوەی رزگاریی نیشتیمانی کوردستان، و.(فەرید ئەسەسەرد)، چ3، سلێمانی، 1998، ل219 .

**48.** دیڤید ماکداولّ: مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبەکر خۆشناو،چ1، چاپخانەی روون، سلیمانی، 2003، ل811 - 812 .

**49.** فاتح رەسولّ: بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لەکوردستان، چ2، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ، 2005، ل82 .

**50.** Omer Tspinar: Turkish Nationalism and Political Islam in Turkey, Routledge, Newyork and, London, 2005, P.167.

**51.** جۆناتان ـ سی راندل : کوردستان یان کلۆلّی نەتەوەیەك، و: خەسرەو شالّی، چ1، چاپخانەی بەرهەم، سلێمانی، 2003، 2003، ل396 .

**52.** محمد رەسولّ هاوار: کوردو باکوری کوردستان لەسەرەتای مێژووەوە هەتا شەری دووەمی جیهانی،چ2، سلێمانی، 2007،ب3، ل 372 .

**53.** عەزیز شەمزینی : س،پ، ل 243 ـ 244 .

54. حامد محمود عیسی: القچیە الکردیە فی ترکیا، گ1، مکتبە مدبولی، قاهرە، 2001، ل 248.

**55.** Dr. Şivan : kürt Millet Hareketleri Ve lrakta Kürdistan Ihtilali ,APEC, Stockholm, 1997,S.90.

**56.** وەرگیراوە لە:جەمال نەبەز: کوردستانو شۆرشەکەی، وەرگێرانی لەئەلّمانیەوە کوردۆ، چ3، چاپخانەی منارە، هەولێر،2007، ل(77- 87).

**57.** دریە عونی: عرب واکراد، حصام أم وئام، گ1 دار الهلال القاهرە، 1993، ل 133.

**58.** Kristiina Koivunen: op , cit, P.155.

**59.** لازاریف وێخرون: تاریخ کردستان، ت(عبدی حاجی)، مؤسسە اراس للگباعە والنشر، اربیل ، 2005، ل 69 .

**60.** فیغان دوست: زیندانین ترکیا، گ(مەتین)، ژمارە 98، ل39.

**61.** کریس کۆچێرا : بزووتنەوەی نەتەوە ی کورد ، ب2،ل156–157.

**62.** ئیسماعیل بێشکچی: کوردو کوردستان لەنامەکەی ئیسماعیل بێشکچی بۆ یونسکۆ، ل 120.

**63.** سامی عبدالرحمن: البدیل الپوری فی الحرکە التحرریە الکردیە، ل120.

**64.** نفس المصدر.

**65.** حامد محمود عیسی: القچە الکوردیە فی ترکیا، ل 278.

**66.** دیڤید ماکداولّ: مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێرانی ئەبوبەکر خۆشناو، ب2، ل849 .

**67.** جوان فداء الدین حمو: دراسة مقارنة بین الشعبان العریقان (الكُرد والامازیغ)
http://www.amazighworld.org/arabic/history/index_show.php?id=4421

**68.** مُحَمَّد زاهد: الأمازیغء الأكراد . قصة حضارتین/
http://www.tawalt.com/?p=23042

**69.** Hassan Mneimneh: Arabs, Kurds, and Amazigh: The Quest for Nationalist Fulfillment, Old and New/https://www.washingtoninstitute.org/fikraforum/view/arabs-kurds-and-amazigh-the-quest-for-nationalist-fulfillment-old-and-new.

## سەرچاوەکان

### یەکەم- بەزمانی ئینگلیزیی

**1.** James Hughes; Genocide and ethnic conflict, http://eprints.lse.ac.uk/26063/1/Genocide_and_ethnic_conflict_(LSERO_version).doc.pdf.

**2.** Iryna Marchuk; Current Development of theConcept of Genocide, Master´s Programme in International Human Rights Law,2007,p15.

**3.** Lawrence J. Leblanc: The United States and the Genocide Convention, Duke University Press, London, 1991. 11.

**4.** Leo Kuper: International Action against Genocide, Minority Rights Group, 1984.

**5.** VAHRAM AYVAZYAN; Genocide: Intent, Motivation andTypes,file:///C:/Users/parwa%20pc/Downloads/Ayvazyan_ST_2012.pdf.

**6.** Maya Abdullah : THE RIGHT TO SELF-DETERMINATION IN INTERNATIONAL LAW, University of Göteborg,006,p42.

**7.** http://www.al-monitor. com/pulse/originals/2016/03/turkey-iraq-syria-kurdsmassoud-barzani-interview.html.

**8.** Ali Oubarka; The Berber Identity Movement and the Challenge to North African States - Bruce Maddy-Weitzman,2011, p88.

**9.** MATOUB LOUNES – A lifetime dancing with death; http://www.andymorganwrites.com/matoub-lounes-a-life-that-danced-with-death/

**10.** Sarah R. Fischer; Amazigh Legitimacy through Language in Morocco, H UMAN R IGHTS & H UMAN W ELFARE.2001.

**11.** Samir Ben-Layashi; Secularism in the Moroccan Amazigh Discourse, The Journal of North African Studies Volume 12, 2007 – p48.

**12.** https://www.hespress.com/writers/379510.htmlhttps://

**13.** www.al-fanarmedia.org/2015/07/the-berber-language-officially-recognized-unofficially-marginalized.

**14.** Ursula Lindsey: The Berber Language: Officially Recognized, Unofficially Marginalized?27 july 2015L.

**15.** Abd el Krim and the Republic of the Rif-https://www.roughguides.com/destinations/africa/morocco/mediterranean-coast-rif/chefchaouen-al-hoceima/abd-el-krim-republic-rif.

**16.** Joan E. Gross  David A. McMurray; Berber Origins and the Politics of Ethnicity in Colonial North African Discoursel.

**17.** https://anthrosource.onlinelibrary.wiley.com/doi/pdf/10.1525/pol.1993.16.2.39.

**18.** https://www.aljazeera.net/specialfiles/pages/c74a00b2-dbbb-4290-b546-bc853aea9805.

**19.** https://anthrosource.onlinelibrary.wiley.com/doi/pdf/10.1525/pol.1993.16.2.39.

**20.** Bruce maddy-weitzman: the limits and potentials of Israel- Maghreb relations,ipris Maghreb review, august 2010, p15.

**21.** Omer Tspinar: Turkish Nationalism and Political Islam in Turkey, Routledge, Newyork and, London, 2005, P.167.

**22.** Dr. Şivan : kürt Millet Hareketleri Ve lrakta Kürdistan Ihtilali ,APEC, Stockholm, 1997,S.90.

**23.** http://www.amazighworld.org/arabic/history/index_show.php?id=4421.

**24.** Hassan Mneimneh: Arabs, Kurds, and Amazigh: The Quest for Nationalist Fulfillment, Old and New/

**25.** https://www.washingtoninstitute.org/fikraforum/view/arabs-kurds-and-amazigh-the-quest-for-nationalist-fulfillment-old-and-new.

**26.** https://www.researchgate.net/publication/264154954_The_Rwandan_Genocide_A_Case_Study?fbclid=IwAR2frejjVgTo55QXRtCXX56ZvbU2PGnMsA8FTry3n3fAtHmBo1vzQhMOYSs.

**27.** van Heelsum, Anja:Moroccan Berbers in Europe, the US and Africa and the Concept of Diaspora.

## دووەم– بەزمانی کوردی

**1.** کەمال بورکای: کوردو کوردستان،و:عەلی فەتحی،چ1،چاپخانەی منارە،هەولێر،2008.

**2.** مامەند رۆژە: ئەرمەنۆساید، چاپخانەی تیشك، سلێمانی،2008.

**3.** د. عبدالرحمان قاسملو: کوردستانو کورد، و: عبدالله حسن زادە،چاپخانەی رۆژهەلاّت، سلێمانی،2006.

**4.** کۆمەڵەو رێکخراوە کوردییەکان لەبەڵگەنامەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاو فەرەنسادا (1981 - 1933) ، و. نەجاتی عەبدولاّ، بنکەی ژین، سلێمانی، 2007.

**5.** کەندالْ نەزانو ئەوانیتر: گەلێکی پەژموردەو نیشتیمانی پەرت (کوردو کوردستان)، و: گۆمەیی، چ1، سوید، 1998.

**6.** گوێنتەر دێشنەر: کورد گەلی لەخشتە براوی غەدر لێکراو، و:حەمەکەریم عارف، چ1، دەزگەی ئاراس، هەولێر،2004.

**7.** عەزیز شەمزینی: جولاّنەوەی رزگاریی نیشتیمانی کوردستان، و: فەرید ئەسەسەرد، چ3، سلێمانی، 1998.

**8.** دیڤید ماکداولْ: مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبەکر خۆشناو،چ1، چاپخانەی روون، سلیمانی، 2003.

9. فاتح رەسوڵ: بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لەکوردستان، چ2، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، 2005.

10. جۆناتان ـ سی ڕاندل : کوردستان یان کلۆڵی نەتەوەیەك، و: خەسرەو شاڵی، چ1، چاپخانەی بەرهەم، سلێمانی، 2003، 2003.

11. محمد رەسوڵ هاوار: کوردو باکوری کوردستان لەسەرەتای مێژووەوە هەتا شەری دووەمی جیهانی،چ2، سلێمانی، 2007،ب3.

12. جەمال نەبەز: کوردستانو شۆڕشەکەی، وەرگێڕانی لەئەڵمانیەوە کوردۆ،چ3،چاپخانەی منارە، هەولێر،2007.

13. فیغان دوست: زیندانین ترکیا، گ (مەتین) ، ژمارە 98 ، ل39.

14. کریس کۆچێرا : بزووتنەوەی نەتەوەی کورد ، ب2،ل156-157.

15. ئیسماعیل بێشکچی: کوردو کوردستان لەنامەکەی ئیسماعیل بێشکچی بۆ یونسکۆ، ل 120.

16. دیڤید ماکداوڵ : مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناوس ،ب2.

## سێیەم- بەزمانی عەرەبی

1- حامد محمود عيسى: القضية الكردية في تركيا، ط1، مكتبة مدبولي، قاهرة، 2001.

2- لازاريف وآخرون : تاريخ كردستان، ت(عبدي حاجي)، مؤسسة اراس للطباعة والنشر، اربيل ، 2005.

3- درية عوني : عرب وأكراد، حصام أم وئام، ط1 دار الهلال، القاهرة، 1993.

4- د.أبو الخير أحمد عطية: المحكمة الجنائية الدولية الدائمة، دار النهضة العربية، القاهرة، 1999.

5- د.حسام علي الشيخة: جرائم الحرب في البوسنة والهرسك، دار الجامعة الجديدة، الإسكندرية، 2004.

6- يوسف أبراهيم الجهماني: العلويون فى تركيا، ط1، دار حوران، دمشق،1999،ل(82،81).

7- جوان فداء الدين حمو: دراسة مقارنة بين الشعبان العريقان (الكُرد والامازيغ).

8- فراراجى جويلة: مبدأ حق الشعوب في تقرير مصيرها بين النظرية والتطبيق/
www.bejaiadroit.net/.../3-droit-penal-international.

9- د. عربى عقون: الامازيغ عبر تاريخ، ل4/
http://www.m.ahewar.org/s.asp?aid=172205&r=0.

10- الحركة الأمازيغية: النشأة والمسار (لمحة موجزة)
http://www.amazighworld.org/arabic/history/index_show.php?id=1356.

11- كوسلا ابشن: الامازيغية والنضال الامازيغي التحرري
http://www.m.ahewar.org/s.asp?aid=329204&r=0.

12- ذ. الحسن العسال: النزعة القومية الأمازيغية/
http://howiyapress.com/3431-2/.

13- مبارك بلقاسم: ما هو تعداد الشعوب الأمازيغية؟ /
https://www.hespress.com/writers/379510.html.

14- عبد السلام رزاق: الأمازيغ بالمغرب.. معطيات وتحديدات.
https://www.aljazeera.net/specialfiles/pages/c74a00b2-dbbb-4290-b546-bc853aea9805.

15- مُحَّد زاهد: الأمازيغ الأكراد . قصة حضارتين/
http://www.m.ahewar.org/s.asp?aid=84593&r=0.

## چوارەم بەزمانی فارسی

1. احمد نوری زاده: تاریخو فرهنگ ارمنستان، نشر چشمه، تهران، 1376.

2. رابرت السن: مسالەکرد وروابگ ایران وترکیه، ت. ابراهیم یونسی، چ1، انتشارات پائییز، تهران، 1380.

گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا:22، ژمارە:1، (زانستێن مروڤايەتی وكومەلناسی)، بپ 140-182، 2019
(ژمارەكا تايبەت)، سەنتەرێ ڤەكولينێن جينوسايدی، زانكويا دهوك

الابادة الجماعية للكرد والامازيغ في قرن العشرين

"دراسة مقارنة"

الخلاصة

قوميتا الكرد والامازيغ هما قوميتان واجها انواع الاضطهاد وابشع اشكال الابادة الجماعية في قرن العشرين، وهما من اقوام القديمة الذين عاشوا علي مدي السنين علي اراضيهم لكن بسبب عدم وجود كيان قانوني وسيادة دولية تعرضا للتهميش والترحيل والتهجير والتعريب علي يد السلطات والحكومات العربية في العراقء بعض الدول القارة الافريقية. كافح كل من الكرد والامازيغ عبر الحركة التحررية القومية لهما لتصدي الظلم والاضطهاد في مراحل تاريخية وتبعا انواع الكفاح والمقاومة والصمود وحاولا ان يحقق حقوقهم القومية المشروعة لكن واجها الابادة الجماعية.

خصصنا البحث لدراسة الابادة الجماعية للكرد والامازيغ ووزعنا علي اربعة مباحث، المبح الاول بعنوان (مفهوم واطار الابادة الجماعية في القرن العشرين)، ومبحث الثاني لدراسة (الحركة التحررية للكرد والامازيغ في القرن العشرين) وذكرنا في المبحث الثالث (العوامل واشكال الابادة الجماعية ضد الكرد والامازيغ)،ء في اخر المبحث عرضنا مقارنة بين الابادة الجماعية للكرد والامازيغ والنقاط المشتركة بينهما. استخدمنا في البحث المنهج البحث التاريخي والمنهج المقارن لتحليل والاحداث التاريخية وتفسير مفهوم الابادة الجماعية والتعريف القانوني لها. واستخدمنا عدة مصادر علمية باللغات الانكليزية والعربيةة والكوردية والفارسية المتعلقة بالقضايا الاضطهاد والابادة الجماعية عموما والابادة الجماعية للكرد والامازيغ خاصة. وفي اخر البحث عرضنا نتائج البحث في عدة نفاط.

## (THE KURDISH AND AMAZIGH GENOCIDE IN THE 20TH CENTURY)

SALAM ABDUL KAREEM ABDULLA and MAJID KHALIL FATAH
Dean of the Humanities Educations Faculty, University of Suleimaniya
Kurdistan Region – Iraq
Dept. of History, Faculty of Humanities Educations, University of Suleimaniya, Kurdistan Region – Iraq

ABSTRACT

The Kurdish and Amazigh are two nations that faced with various repression and genocide during twenty century. They are origin nation that lived on their lands for long times . they had not any oportunity to get independent and state. that is why, they faced with marginalization, deportation, displacement and Arabization by Arab authorities and governments in Iraq and some African countries. Both the Kurds and the Amazighs defended and fought through the national liberation movement to confront oppression and oppression in historical stages and according to the types of struggle, resistance and steadfastness, and tried to achieve their legitimate national rights. their enemies used the violence methods and genocide against both of them. this research under the title ( comparsion of kurdish and amazigh ginocide in the 20th Century). it is divided in to 4 sections. the first section is "The Concept and Framework of Genocide in the 20th Century". the second section is under title" the Liberal Movement of kurdish and Amazigh nation in the 20th ". third section is dedicated to factors and forms of genocide against the Kurds and Amazighs. in the last section we try to illustrate a comparison between the genocide of the Kurds and the Amazigh and the points common between them.

In this research, we have used the historical research methodology and the comparative approach to analysis and historical events and the interpretation of the concept of genocide and its legal definition.we have also used many scientific sources in English, Arabic, Kurdish and Persian that related with genocide of Kurds and Amazighs in particular. In the final search, we presented results.

*KEY WORDS:* Kurds, Berbers, Arab, Genocide, 2Oth Century